# كاریگەرییە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت
# توێژینەوەیەکی ( مێژوویی ــ سیاسیە )

د. دارا توفیق کاکەأمین      م.ی .احمد حمه مصطفی

**زانکۆی ڕا پەرین**
**فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان**
**بەشی مێژوو**

**پێشەکی**

نوسین و لێکۆڵینەوە لەبارەی کاریگەرییە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، گەر ئەوە لە پێش چاو بگرین، بەدرێژایی سەدەی بیستەم، ئەو زلهێزە یاریزانێکی سەرەکی نێو گۆڕەپانی سیاسی و ململانێ نێودەوڵەتییەکان بووە. لەبەر ئەوە پاڵنەری سەرەکی لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە، لە لایەکەوە بۆ گرنگی بابەتەکە دەگەڕێتەوە، لەلایەکی تریشەوە وەك پێویست لە ڕۆشنبیری کوردیدا ئاوڕ لەم بابەتە نەدراوە، جگە لە چەند نامیلکەو وتارو نوسراوی ناو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان نەبێت.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە توێژینەوەیەکی ورد و زانستیانە بۆ کاریگەرییە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت ئەنجام بدەین بە خستنە رووی پێشهاتە مێژوویی و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە، بە تایبەتی لەسەر بنەمای مێژوویی سیاسیی و ئابوری وەك سەرەتایەك بۆ ئەوەی توێژینەوەیەکی فرە ڕەهەند بخەینە بەردەست.

لەو روانگەیەوە، کە مێتۆدەکانی توێژینەوە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، مەرج نییە تەنها مێتۆدێکی دیاریکراو وەك ڕێبازێکی زانستیانە بگرینە بەر، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی مێتۆدی زانستی مێژوویی لە کۆکردنەوەی سەرچاوە و پاشان هەڵسەنگاندنیان گیراوەتە بەر، بەو پێیەی دەبێت لە ڕێگەی سەرچاوە مێژووییەکانەوە، زانیاری و تێڕوانینی تەواومان دەستبکەوێت، ئەوە وێڕای بەکارهێنانی مێتۆدی وەسفی لە هەندێك شوێندا.

ئەم توێژینەوەیە، لە پێشەکی و چوار تەوەر پێك هاتووەو هەر تەوەرێك بەسەر چەند بابەتێکدا دابەشکراون بەم شێوەیە: لە تەوەرەی یەکەمدا، کورتەیەك لەبارەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ و چۆنیەتی دامەزراندنی یەکێتی سۆڤیەتەوە خراوەتە ڕوو. لەتەوەرەی دووەمدا، تیشك خراوەتە سەر کاریگەرییە ناوخۆییەکانی ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت لە بواری ئابووریداو بەسەر دوو بابەتدا دابەشکراوە، یەکەمیان، ئاماژە بە قەیرانی ئابووری سۆڤیەت کراوە وەك هۆکارێکی سەرەکی ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، دووەمیش خۆی لەو هاوکارییە ئابووریانەدا دەبینێتەوە، کە سۆڤیەت پێشکەشی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان و وڵاتانی جیهانی سێیەمی کردووە. تەوەرەی سێیەمیش، تەرخانە بۆ کاریگەری سیستەمی سیاسی و ئیداری یەکێتی سۆڤیەت و دوو

بابەت لە خۆ دەگرێت، یەکەمیان، سیستەمی سیاسی و ئیداری سۆڤیەت و دووەمیان تەرخانکراوە بۆ پرۆسەی بنیاتنانەوەو ئاشکراکاری، کە میخائیل گۆرباچۆڤ خستیە ڕوو، کە دواتر دەرەنجامێکی نێگەتیڤی لێکەوتەوەو پرۆسەی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی خێراتر کرد. تەوەرەی چوارەم، باس لە کاریگەرییە دەرەکیەکانی ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت دەکات و لەچوار بابەتدا خۆی دەبینێتەوە، یەکەم، ئاماژە بە کاریگەری نێگەتیڤی جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی لەسەر یەکێتی سۆڤیەت کراوە، لە بابەتی دووەمدا، سەرنج خراوەتە سەر ئەو فشارانەی، کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بواری سیاسی و ئابووری و سەربازیدا خستبوویە سەر سۆڤیەت لە چوارچێوەی جەنگی سارددا، لە سێیەمدا، ئاماژە بە کاریگەری شکستی یەکێتی سۆڤیەت کراوە لە شەڕی ئەفغانستاندا، دوابابەتیش بۆ پێوەندی خراپی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و چین تەرخانکراوە.

## تەوەرەی یەکەم: شۆڕشی ئۆکتۆبەرو دەرکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت

لەدەیەی دووەمی سەدەی بیستەم ڕووداوێکی گرنگ ناوچەکەو جیهانی هەژاند، ئەویش بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بوو لە ڕوسیا، کە بە یەکێك لە ڕووداوە گرنگەکانی سەدەی بیستەم دێتە هەژماردن، بەو پێیەی کاریگەری و دەرهاویشتەکانی ئەو شۆڕشە سەراپای ناوچەکەو جیهانی گرتەوە، کە بەلشەفییەکان[١] ڕابەرایەتیان دەکرد، توانی دەسەڵاتی چەندین سەدەی قەیسەرەکان بە تەواوی لە ڕوسیادا کۆتایی پێبهێنێت، کە دەرئەنجامی چەندین گرفتی سیاسی، کارگێری، ئابووری و کۆمەڵایەتی ناو هەناوی ئەم وڵاتە بوو، کە لێرەو لەوێ بە چەندین شێوازی جیا جیا کۆمەڵانی خەڵك گوزارشتیان لێدەکرد.

لە ڕووی سیاسی و کارگێریەوە، ڕوسیای قەیسەری شێوە حوکمێکی ئەوروپی سەدەکانی ناوەڕاستی پیادە دەکرد، کە ( قیصر ) لە سەرووی هەڕەمەکەوە بوو، هەر یەك لە دەرەبەگ و پیاوانی ئاینیش دوو پایەی گرنگی ئەو سیستەمە بوون، بە جۆرێك هەر یەکێکیان تەواوکەری ئەوی تریان بوو.[٢] لە ڕووی ئابوریشەوە، وڵات لە ئاستێکی لاواز دا بوو، سیمای کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی پێوە دیار بوو بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا چونکە لایەنی پیشەسازی درەنگ وەخت کەوتبوو لەو وڵاتەدا.[٣] لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە زۆرینەی دانیشتوانی ڕوسیای قەیسەری لەو کاتەدا گوندنشین بوون و ڕێژەیەکی کەمیان لە شاردا دەژیان.[٤] لێرەوە دەتوانین بڵێین خراپی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە لایەك و هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی ( ١٩١٤-١٩١٨)

---

(١) وشەی ( بەلشەفییەکان ) لە بنچینەدا ئاماژە بووە بۆ باڵی چەپ و توندڕەوی ( پارتی کاری سۆسیالیستی دیموکراتی ڕووسی ) لە کۆنگرەی دووەمی حیزب لە لندەن ساڵی ١٩٠٣، کاتێك هەڵبژاردن کرا بۆ دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ( ئیسکرا )، لینین و گروپەکەی بردیانەوە، بەو شێوەیە وشەی ( بۆلشەفیك )، بە واتای زۆرینە بەسەریاندا برا. بڕوانە: الان بالمر، تاريخ الحديث، ت: سوسن فيصل السامر ويوسف محمد امين، ج١، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد، ١٩٩٢، ص ١٢١-١٢٢.

(٢) لیۆن ترۆتسکی، مێژووی شۆڕشی ڕوسیا، و: عەزیز ئالانی، مەکتەبی بیرو هۆشیاری ( ی.ن.ك )، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٦٣.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالقادر يوسف الجبوری، التاريخ الاقتصادي، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة الموصل، ١٩٨٠، ص١٧٢-١٧٣.

(٤) لیۆن ترۆتسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.

لە لایەکی ترەوە، ڕاستەوخۆ هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشە بوون بە ڕابەڕایەتی لینین[٥] کە بیر لە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بکەنەوە لەو وڵاتەدا.

لە هەنگاوی یەکەمی شۆڕش لە ئازاری ساڵی ١٩١٧ دا، بەهۆی شڵەژانی بارودۆخەکە، بەتایبەتی خراپی لایەنی ئابووری، پایتەختی وڵات ( پترۆگراد ) ناڕەزایەتییەکی گەورەی جەماوەری بەخۆوە بینی و خۆپیشاندەران دروشمی دژی قەیسەریان بەرز کردبۆوەو هەستان بە ئازادکردنی بەندکراوەکان و دەستیان گرت بەسەر چەندین ناوەندی گرنگی حکومیدا، ئەوە پاڵی بە حکومەتەوە نا  هێز لە دژی خۆپیشاندەران بەکاربهێنێت، بەڵام سوپا، کە لە دوای کرێکاران و جوتیاران زەرەرمەندی سەرەکی بارودۆخەکە بوون، ڕەتیان کردەوە بەشداری سەرکوتکردنی جەماوەر بکەن و ژمارەیەکی زۆر لە سەربازو پلەدارەکانی سوپا پاڵیان دایە لای خۆپیشاندەران.[٦]

دوای ئەوەی قەیسەر  نیکۆلای دووەم( ١٨٦٨ -١٩١٨ ) دەرکی بەوە کرد، کە سوپا گوێڕایەڵی ناکات و لە توانایدا نیە خۆپیشاندەران دابمرکێنێتەوە، دوای هەفتەیەك، دەست لەکارکێشانەوەی لە دەسەڵات ڕاگەیاندو کۆتایی بە دەسەڵاداریێتی چەندین سەدەی قەیسەرەکان هات لە ڕوسیادا.[٧] لێرە بە دواوە حکومەتی کاتی بەسەرکردایەتی ( لیڤۆف  ٢٣ ئازار ـ ٧ تەمموزی ١٩١٧ ) دواتر ( کرنسکی  ٢٧ تەمموز ـ ٧ تشرینی دووەمی ١٩١٧ ) دامەزرا، بەڵام جیاوازی دیدو بۆچوون بووە هۆی دروست بوونی کێشە لە نێوان حکومەتی کاتی و بەلشەفیکەکان.[٨]

ئەو کێشانە پاڵیان بە لینینەوە نا پلانێك لە دژی حکومەتی کاتی دابڕێژێت، ئەوەبوو هەستا بەئەنجامدانی کودەتا لە ١٦ ی تەمموزی ١٩١٧، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، دواترو لەجاری دووەمدا، لینین لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا شۆڕشی بەرپا کردوو سەرکەوتوو بوو لە ڕوخاندنی حکومەتی کاتی و لە جێگەی ئەو حکومەتە، خۆی بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی گەل. دوای گەیشتن بە دەسەڵات، لینین بۆ پتەوکردنی لایەنگران و دەسەڵاتی لە ناوخۆو دەرەوەدا، کارنامە (ئەجێندا)ی کاری خۆی ڕاگەیاند، کە بریتی بوو لە :" وەستاندنی شەڕی داگیرکاری و گێڕانەوەی کارگەکان بۆ ژێر دەستی کرێکاران و چاکسازی زەوی و دابەشکردنی بەسەر جوتیاران و دوورخستنەوەی چینی بۆرژوازی لە دەسەڵات و بەهێزکردنی پێگەی پارتە کۆمۆنیستەکان لە دەرەوەی وڵات و

(٥) ڤلادیمێر ئیلیتش ئولیانۆف لینین ( ١٨٧٠- ١٩٢٤ ) لەشاری سیمبیرسك لە ڕوسیا لە دایك بووە، لە چینێکی مام ناوەندی کۆمەڵگە ژیانی گوزەراندووە، لە ساڵی ١٨٨٧ پەیوەندی بە زانکۆی قازانەوە کردوە بۆ خوێندنی یاسا، دواتر لە ١٨٩١ لە زانکۆی بوترۆسبۆرگ خوێندنی تەواو کردووە، کاریگەر بووە بە بیرو باوەڕی مارکسیزم، ڕابەری شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ و دامەزرێنەری یەکێتی سۆڤیەتە. بڕوانە: مجموعة من الباحثين، موسوعة السياسة، ج٥، ط٣، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٦، ص٦٠٣.

(٦) عبدالوهاب القيسي وآخرون، تاريخ العالم الثالث،من مطبوعات وزارة التعليم العالي  والبحث العلمى، جامعة الموصل، ١٩٨٣،ص ١٠٦.

(٧) نفس المصدر، ص١٠٦.

(٨) جیاوازی حکومەتی کاتی ( مەنشەفییەکان و بۆرجوازییەکان و سۆسیالیستەکان )و بەلشەفیەکان لەچەند ڕوویەکەوە بوو، سەرانی حکومەتی کاتی لەگەڵ هەنگاو بەهەنگاو بوون لە جێبەجێکردنی دەستورو گەیشتن بە ئامانجەکە، لەکاتێکدا بەلشەفیەکان لەگەڵ گۆڕانگاری ڕیشەیی و خێرادا بوون، هەروەها حکومەتی کاتی هیچ هەنگاوێکی کردەیی بە ئاراستەی ئامانجەکانی شۆڕش هەڵنەگرت، کە ئامانجی سەرەکی بەلشەفییەکان بوو، بەهەمان شێوە حکومەتی کاتی ڕایگەیاند، کە درێژە بە شەڕ دەدات، لە کاتێکدا بەلشەفییەکان نەیاری شەڕ بوون و هیچ سودێکیان لەو شەڕانەدا نەدەبینی. بڕوانە: عبدالعزيز سليمان نوار و عبدالمجيد نعنعى، التاريخ المعاصر اوروبا من الثورة الفرنسية إلى الحرب العالمية الثانية، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، د.ت، ص٥١٨.

جێگرتنەوەی ئەنجومەنەکانی گەل لە جێگەی ئەنجومەنی کۆمپانیاکان".[9] لە سیاسەتی دەرەوەشدا، یەکەمین کارێك، کە ئەنجامیدا، بەستنی ڕێککەوتننامەی ئاشتی بوو لەگەڵ ئەڵمانیا لە ٣ ئازاری ١٩١٨، کە بەڕێکەوتننامەی (برست لیتوفسك)[10] لە مێژوودا ناسراوە، ئامانج لە بەستنی ئەو ڕێکەوتننامەیە، یەکلابوونەوەی سەرکوتکردنی نەیارانی شۆڕش بوولە ناوخۆی وڵاتدا.

ڕوخاندنی حکومەتی کاتی کۆتایی کێشەکان نەبوو، بەڵکو ئەم جارەیان بەرەی ناوخۆو دەرەوە یەکیان گرت بۆ لەباربردنی شۆڕش و کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی بەلشەفییەکان،[11] بەڵام لینین لە ماوەی ساڵانی ١٩١٨-١٩٢١ لە ڕێگەی دروستکردنی سوپایەکەوە توانی ڕوو بەڕووی مەترسیەکان ببێتەوەو بەسەر نەیارانی شۆڕشەکەو هێزەکانی هاوپەیمانانیش سەرکەوێ و پاشەکشەیان پێ بکات.[12]

لەماوەی حوکمڕانیتێدا، لینین چەندین کاری گرنگی ئەنجامدا، وەك بنیادنان و دامەزراندنی یەکێتی سۆڤیەت و ڕێکخستنی سیستەمی سیاسی و ئیداری وڵات، دوای سەرکەوتنی شۆڕش، لینین هەستا بە دانانی دەستورێك بۆ ئەنجومەنەکانی کرێکاران و جوتیاران و سەربازەکان، کە بەر لە شۆڕش بە مەبەستی ڕێکخستنی نارەزایەتی جەماوەر لەسەرجەم گوندو شارو شارۆچکەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕوسیای قەیسەریدا پێکیهێنا بوون.[13]

لینین لە تەمموزی ساڵی ١٩١٨ دەستورێکی بۆ ڕوسیای فیدراڵی دانا، لە نوسینەوەی دەستورو دامەزراندنی یەکێتی سۆڤیەتدا، پشتی بە فەلسەفەی مارکسیزم بەستبوو، لەبەر ئەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر ئەو بنەمایە هەلگیرسابوو. لەسەرەتای دەستوورەکەدا دەوڵەت بەم شێوەیە دەناسێنێت کە :" دەوڵەتێکی سۆسیالیستی فیدراڵی شورەوی سۆڤیەتی کۆمارییە". هەروەها لەم دەستورەدا ئەوە دووپات کراوەتەوە، کە سیستەمی حوکمڕانی بەشێوەی هەرەمی بەڕێوە دەچێت ( واتا لەسەرەوە بۆ خوارەوە )، ڕوسیای سۆڤیەتی دابەشی چەندین ناوچەو

---

([9])عبدالعزیز سلیمان نوار وعبدالمجد نعنعی، المصدر السابق، ص ٥٢٠.

([10]) لەبارەی ناوەرۆکی ئەو ڕێکەوتننامەیە بڕوانە: عمر عبدالعزیز عمر ومحمد علي القوزي، دراسات فی تاریخ اوروبا الحدیث والمعاصر، دار النهضة العربیة للطباعة والنشر، بیروت، ١٩٩٩، ص ٣١٢- ٣١٣.

([11]) لەبەرەی ناوخۆدا هەر یەکە لە ( سەرانی حکومەتی کاتی و خاوەن کۆمپانیاکان و دەرەبەگەکان و چینی بۆرژوازی و لایەنگرانی قەیسەر لەناو سوپاداو پیاوانی ئاینی )، کە زەبری شۆڕشیان بەرکەوتبوو، کەوتنە دژایەتیکردنی شۆڕش. لەبەرەی دەرەوەشدا وڵاتانی هاوپەیمان کەوتنە ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ شۆڕش، دژایەتیکردنی هاوپەیمانان دەگەڕایەوە بۆ چەند هۆکارێك لەوانە: ( هاتنە دەرەوەی ڕوسیا لە جەنگی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێککەوتننامانەی، کە لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان بەسترابوون و دان نەنان بەو قەرزانەی، کە لەسەردەمی قەیسەردا بە ڕوسیا درابوون، بڵاوکردنەوەی هەموو ئەو ڕێککەوتننامە نهێنییانەی، کە ناوەرۆکێکی پڕ لە داگیرکاریان هەلگرتبوو، هەروەها هێرش کردنە سەر وڵاتانی ڕۆژئاواو تاوانبار کردنیان بە تالآنکردن و دەست بەسەرداگرتنی وڵاتان، ئەوە جگە لەوەی کە ئەم شۆڕشە یەکەم شۆڕشی سۆسیالیستی بوو کە سیستەمی سیاسی گۆڕا ). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالوهاب القیسي وآخرون، المصدر السابق، ص ٣٨.

([12]) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی هەنگاوەکانی شۆڕش لە ڕوو بە ڕوو بونەوەی مەترسییەکانی ناوخۆو دەرەوە بڕوانە: عمر عبدالعزیز عمر ومحمد علی القوزی، المصدر السابق، ص ٣١٤-٣١٥.

([13]) مێژووی دروست بوونی ئەو ئەنجومەنانە ( سۆڤیتات ) دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥، کاتێك ڕوسیا لە بەرانبەر یاباندا شکستی هێنا، نارەزایەتییەکی گەورەی جەماوەری لێکەوتەوە، ئەم ئەنجومەنانە لەناو ناخی جەماوەری شۆڕشگێڕەوە پێکهاتن و نوێنەرانی راستەقینەی خەڵك بەشداربوون لە دروستبوونیاندا، بەڵام حکومەت لەو کاتەدا توانی ئەو شۆڕشە سەرکوت بکات و ئەنجومەکانیش هەڵبوەشێنێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: لیۆن ترۆتسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٧ ؛ عمر عبدالعزیز عمر ومحمد علی القوزی، المصدر السابق، ص ٣١٩.

پارێزگاو هەرێم كرابوو، ئەنجومەنی باڵا، سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی هەموو ناوچەكانی دەكرد، كە بەرزترین دەسەڵاتی وڵات بوو، ساڵی دوو جار كۆدەبۆوە، لە لایەن ئەم ئەنجومەنە باڵایە، لیژنەی ناوەندی ڕاپەڕاندن بۆ بەڕێوەبردنی ڕوسیا هەڵدەبژێردرا.[١٤]

سنوری ئەو دەوڵەتە هەمان سنوری ڕوسیای قەیسەری بوو، بەڵام دواترو لە ١٢/٢٢/ ١٩٢٢ دا هەریەك لە ڕوسیاو ئۆكرانیاو بیلا ڕوسیاو كۆمارەكانی ئەودیو قەوقاز، كە پێكهاتبوون لە ( ئازەربایجان و ئەرمینیا و جۆرجیا ).[١٥] هەروەها ( ئۆزبەكستان، توركمانستان، قرغیزیا، مۆڵداڤیا، ئیستوانیا، لیتوانیا، لاتیڤیا، تاجاكستان و كازاغستان) بڕیاریاندا لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتی یەكگرتودا یەكبگرن بە ناوی( یەكێتی كۆمارە سۆسیالیستەكانی شورەوی).[١٦]

یەكێتی سۆڤیەت لە ١٦ی تەمموزی ساڵی ١٩٢٣ دا یەكەمین دەستوری خۆی ڕاگەیاند، كە تێدا ئەو مافە بە هەموو نەتەوەكان دەدات، كە بە ئازادانە دەتوانن بێنە نێو ئەو یەكێتیەوەو سەروەری وڵاتیشیان پارێزراو دەبێت، بەڵام بڕیاری جەنگ وئاشتی و ڕێكخستنی بازرگانی دەرەوەو ڕەنگرێژكردنی سیاسەتی ئابووری وڵات لە چوارچێوەی دەسەڵاتی فیدراڵیدا دەبێت، كەبەرزترین دەسەڵاتی یەكێتیەكەیە، هەروەها ئەو دەستورە جارێكی تر پێداگری دەكات لەسەر سیستەمی سۆسیالیستی لە بەرهەمهێنان و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی چینایەتی و ڕێگری كردن لە چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە.[١٧]

بەم جۆرە لە دەیەی دووەمی سەدەی بیستەمدا دەسەڵاتێكی نوێ لە جیهان هاتە ئاراوە، كە ڕووبەرەكەی لە نێوان ئاسیاو ئەوروپادا پانتاییەكی جوگرافی فراوانی داگیر كردبوو، گرنگی پێگەی جیۆگرافی و زۆری ژمارەی دانیشتوانی و دەوڵەمەندی بە سامانە سروشتییەكان، هەموو بەسەریەكەوە ڕۆڵێكی گرنگی سیاسی و سەربازی و ئابووری دەبەخشیە ئەو وڵاتەو بە درێژایی سەدەی بیستەم یاریزانێكی سەرەكی سەر گۆڕەپانی سیاسی نێودەوڵەتی دەبێت و وەكو زلهێزێك لەسەر شانۆی سیاسی ناوچەكەو جیهان دەردەكەوێت.

### تەوەرەی دووەم: كاریگەرییە ناوخۆییەكانی ڕوخانی یەكێتی سۆڤیەت لەبواری ئابوریدا

لەكۆتاییەكانی سەدەی بیستەمدا ڕووداوێكی مێژوویی گرنگ ڕویدا، كە تێیدا پەیوەندی و ململانێ نێودەوڵەتیەكان گۆڕانێكی گەورەیان بە خۆوە بینی، ئەویش شكستهێنان و ڕووخانی بەرەی ڕۆژهەڵات بوو بە سەركردایەتی یەكێتی شۆڤیەت لەبەرانبەر بەرەی ڕۆژئاوا بەڕابەرایەتی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا. ڕووخانی سۆڤیەت و كۆتاییهاتنی جەنگی ساردو مەیدان چۆڵكردن بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا، دەرئەنجامی چەندین هۆكاری ئابووری، سیاسی، ئایدیۆلۆژی، كۆمەڵایەتی و زانستی بوون، كە لە هەناوی كۆمەڵگەی سۆڤیەتەوە هاتبوونە دەرەوە.

---

([١٤]) محمد محمد صالح وآخرون، الدول الكبرى بين الحربين العالميتين ( ١٩١٤-١٩٤٥ )، مطبوعات وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة بغداد، د.ت،ص١٥٥.

([١٥]) عبدالوهاب القيسي وآخرون، المصدر السابق، ص ٢١٤-٢١٥.

([١٦]) المنجد في اللغة والاعلام، الطبعة السابعة وثلاثون، من منشورات دار المشرق، بيروت، ١٩٩٨، ص٢٤.

([١٧]) عبدالوهاب القيسي وآخرون، المصدر السابق، ص ١١٥.

### ١/ قەیرانی ئابووری

لە كۆتایی حەفتاكان و سەرەتای هەشتاكانی سەدەی بیستەمدا وردە وردە دیاردەی لاوازی ئابوری لە یەكێتی سۆڤیەت و وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا دەركەوت، ئەم دیاردەیە پاڵی بە سەركردایەتی پارتی كۆمۆنیست و یەكێتی سۆڤیەتەوە نا بكەونە گفتوگۆیەكی هەمەلایەنە لە بارەی چۆنیەتی چارەسەركردنی ئەو قەیرانە. پرسیاری جەوهەری، كە سەرانی سۆڤیەتی بەخۆیەوە سەرقاڵ كردبوو، ئەوەبوو ئایا بیری سۆسیالیزم لە توانایدا هەیە ڕوو بەڕووی ئەو قەیرانە بێتەوە؟ ئایا ئەو گرفتە ئابورییە لە بیری ماركسیزمەوە سەرچاوەی گرتوە، یان لە جێبەجێكردنی ئەو بیرۆكەیەدا؟ ئایا یەكێتی سۆڤیەت بەم بارودۆخەوە توانای بەردەوامی ململانێكانی هەیە لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا، بە تایبەتی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاو بەرەی ڕۆژئاوا؟[١٨] لەو كاتەشدا سۆڤیەت بە خراپترین قۆناغی ئابووری خۆیدا تێدەپەڕی، داهاتی نەتەوەیی ئەو وڵاتە لە كۆتایی حەفتاكاندا بۆ نیوە هاتبووە خوارەوە.[١٩] ئەم قەیرانە تەنیا زادەی ئەو بارودۆخە نەبوو، كە یەكێتی سۆڤیەت لە كۆتایی حەفتاكان و سەرەتای هەشتاكان تێی كەوتبوو، بەڵكو ڕەگ و ڕیشەی ئەو گرفتە دەرەنجامی چەندین فاكتەری دیكە بوون، كە دواتر ئەو بارودۆخە نێگەتیڤەیان خوڵقاند.

بەر لەهەر شتێك، یەكێتی سۆڤیەت، كە لەسەر دارو پەردووی ڕوسیای قەیسەری دامەزرابوو، بە درەنگ وەختی هاتە نێو شۆڕشی پیشەسازییەوە لە چاو وڵاتانی دیكەی ئەوروپای ڕۆژئاوا، ئەمەش بە هۆی بەهێزی سیستەمی دەرەبەگایەتی، كە كۆسپ و بەربەستێكی گەورە بوو لەبەردەم گەشەكردنی ڕوسیادا.[٢٠] گەر بگەڕێینەوە دواوەو چاوێك بە سەرەتای سەرهەڵدانی بزوتنەوەی پیشەسازی لە ڕوسیای قەیسەریدا بخشێنین، دەبینین سەرمایەدارانی بیانی و كۆمپانیاكانی دەرەوە ڕۆڵێكی سەرەكیان دەگێڕا لە دامەزراندن و پێشخستنی پیشەسازی لەو وڵاتەدا، هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ كەمی سەرمایەدارانی ناوخۆ، ئەمە جگە لەوەی كۆمپانیا بیانییەكان سودێكی زیاتریان دەبینی و قازانجی زیاتریان بە دەست دەكەوت لە چاو بەرهەمهێنان لە ناوخۆی وڵاتەكانیاندا.[٢١] ئەگەر ڕێگاو بان و هاتووچۆ بنەمایەكی گرنگی پێشخستنی پیشەسازی بن، ئەوا روسیا لەو بوارەدا لە بارودۆخێكی خراپدا بوو، هێڵی شەمەندەفەر لە ڕوسیادا تێكڕا چوار سەد مەتر بوو بۆ هەر سەد كیلۆمەتری چوار گۆشە، بەڵام ئەڵمانیا بۆ هەمان ڕووبەر بە درێژی هێڵی شەمەندەفەری (١١٧٠٠) مەترو نەمساش (٧٠٠٠) مەتر بوو لەساڵی ١٩١٤، واتا سەرەتای جەنگی یەكەمی جیهانی ڕێژەی ئەو كرێكارانەی لە پڕۆژە بچوكەكان كاریان دەكرد لە ئەمریكادا ( ٣٠٪ ) كرێكارانی لە خۆ دەگرت، كەچی لە ڕوسیادا ئەو ڕێژەیە لە ( ١٧٪ ) تێپەڕی نەدەكرد.[٢٢] هەروەها پەیوەستكردنی سەرمایەی پیشەسازی بە سەرمایەی بانكیەوە، راستەوخۆ بەستنەوەی بازاڕی ڕوسیا بوو بە دراوی ئەوروپاو خۆرئاوا، زۆربەی پیشەسازییە قورسەكانیش وەك ( كانزاكان، نەوت و

---

([١٨]) سمیح عبدالفتاح، انهیار الامبراطوریة السوفیاتیة، دار الشروق للنشر والتوزیع، عمان، ١٩٩٦،ص٧٠.

([١٩]) حسین شریف، ینابیع المعرفة في سیاسة الدولیة المعاصر، ج٢، مطابع الهیئة المصریة العامة للكتاب، القاهرة، ٢٠٠٣ ص ٤٨٤.

([٢٠]) عبدالقادر یوسف الجبوری، المصدر السابق، ص١٧٢.

([٢١]) عبدالقادر یوسف الجبوری، المصدر السابق،ص ١٧٣.

([٢٢]) لیۆن ترۆتسكی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨-٦٩.

پەترۆل ) مل کەچ بوون بۆ باربووی بێگانە، پیشەسازییە سووکەکانیش هەر بە هەمان ڕێگە بەرهەم دەهێنران و کۆمپانیا بیانییەکان ڕێژەی نزیکەی ( ٤٠٪ )ی کۆی تێکڕای دەستمایەی بەرهەمهێنانی ڕوسیایان پێدەبڕا.(٢٣)

ئەو بارودۆخە، ئەو باوەڕەی لای هەندێك توێژەر دروست کردووە، کە ئەگەر چی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ بە رابەرایەتی لینین هەوڵێك بوو بە ئاراستەی بنیادنانی سیستەمی سۆسیالیستی، لە کاتێکدا بێ ئەوەی هێشتا زەمینە ئابووری و پیشەسازی و زانستیەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان کاریان کردبێتە سەر گۆڕینی سروشتی هێزەکانی بەرهەم هێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان و ئامادەیان کردبن بەو شێوە پێشکەوتووەی، کە بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی دەیخوازێت، لەبەر ئەوە، کۆمەڵگەی سەرمایەداری دواکەوتووی ڕوسیاو دواتریش کۆمارە یەکگرتوەکانی سۆڤیەت لە ١٩٢٢ لەم ڕووەوە ئامادەی بنیادنانی سۆسیالیزم نەبوون.(٢٤)

لە لایەکی دیکەوە، شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەکاتێکدا سەریهەڵدا جەنگی یەکەمی جیهانی ماڵوێرانیەکی گەورەی تووشی جیهان بەگشتی و ڕوسیا بە تایبەتی کردبوو، ڕوسیای قەیسەری بەهۆی جەنگە یەك لە دوای یەکەکانی و شکستهێنانی لە بەرانبەر یاباندا لە ساڵی ( ١٩٠٤-١٩٠٥ )، دواتریش بەشداریکردنی لە جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٧) لەبەرەی فەرەنساو بەریتانیادا کەوتبووە ژێر بارێکی قورسی قەرزی بیانیەوەو قات و قڕی و برسێتی و بێکاری سەرتاپای وڵاتی گرتبۆوە.(٢٥) هەر بۆیە، داهاتی تاکە کەسێکی ڕوسیی لەو کاتەدا دە ئەوەندە کەمتر بوو لە داهاتی تاکە کەسێکی ئەمریکی لە هەمان کاتدا.(٢٦) بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی دۆخی دوای جەنگ و زاڵبوون بەسەر نەیارانی ناوخۆو دەرەوەدا، شۆڕش ناچار بوو سامانی ماددی و مرۆیی وڵات بخاتە خزمەتی ئەم مەبەستەوە،(٢٧) بە پێچەوانەوە ئەمریکا لە ٦ ی نیسانی ١٩١٧ دا هاتە ناو جەنگەکەوەو بە کەمترین زیانی ماددی و مرۆیی بە سەرکەوتوویی لە جەنگەکە هاتە دەرەوە.(٢٨)

بەسەرنجدان لەو دۆخە دەبینین یەکێتی سۆڤیەت لە باروودۆخێکی ئاسایی و گونجاودا لە دایك نەبوو، بەڵکو هەل و مەرجی نێودەوڵەتی ئەوکات و ئابلۆقەدانی ئەو ئەزموونە ساوایە لەلایەن وڵاتانی سەرمایەداری رۆژئاواوە، لە هەل و مەرجی بەردەستی بابەتی  نێوخۆیی روسیاو دواتریش کۆمارە یەکگرتوەکانی سۆڤیەتدا، کۆمەڵێك ئاستەنگی لەبەردەم ئەزموونەکەدا قووت کردەوە، کە پتر پەیوەندیان بە ئاستی گەشەکردن و شێوازی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانی ئەو ئاستە هۆشیارییە کۆمەڵایەتییەوە بوو، کە دواتر کاریگەری بەرچاوی بەسەر تەواوی رەوتی ئەزموونەکەدا دەبێت.(٢٩)

---

(٢٣) هەمان سەرچاوە، ل ٦٩-٧٩.

(٢٤) محەمەدی مشیر، پۆپەری کلۆل و کلۆلی لیبرالیزم، لێکۆڵینەوەیەکی بلاْونەکراوەیە، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٥-٢٦ ؛جوبين رازاني، المختارات منصور حكمت، من منشورات الحزب الشيوعي العمالي العراقي، دون تاريخ، ص ٢٦٢؛ جمال ربيع، ماركسية العرب وانهيار السوفيت، من مطبوعات دار المشرق، مغرب، ١٩٩٣، ص٥٨.

(٢٥) عبدالعزيز سليمان نوار وعبدالمجيد نعنعی، المصدر السابق، ص ٥١٨.

(٢٦) لیۆن ترۆتسکی، سەرچاوەی  پێشوو، ل ٦٨.

(٢٧) عبدالوهاب القيسی وآخرون، المصدر السابق، ص ١١٢-١١٣.

(٢٨) المصدر نفسه، ص ٣٣-٣٤.

(٢٩) محەمەدی مشیر،سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.

هەر لە چوار چێوەی ئابووریدا چڕکردنەوەی هێزی ئابووری لە دەستی دەوڵەت، کە لە سایەی سیستەمی ( کۆمۆنیزمی جەنگ )[٣٠] دا سەقامگیرتر کرا، لەگەڵ پاشەکشەو لاوازبوونی ڕۆڵی سەربەخۆیی سەندیکاکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بوونە هۆی نەشونماکردنی هێزی بیرۆکراتیەت و بەرە بەرە کۆنترۆڵی سامانە ماددی و گیانییەکانیش کەوتە دەست تویژێك لە بەرپرسانی دەوڵەت.[٣١] ئەم سیاسەتە هەڵەیەی، کە یەکێتی سۆڤیەت بە درێژایی تەمەنی خۆی پیادەی کرد، چەند خەسڵەتێکی نێگەتیڤی بە ئابووری ئەو وڵاتە بەخشی، لەوانە:١ـ کرێکاران خۆیان بە خاوەنی هۆیەکانی بەرهەم هێنان نەدەزانی، ٢ـ رۆحیەتی ململانێ و کێبڕکی ئابووری لە نێو چینی کرێکاراندا بەرەو لاوازی و نەمان برد، ٣ـ کەم توانایی سەرانی سۆڤیەت لە نویکردنەوەی تەکنەلۆجیای بەرهەمهێنان، بە تایبەتی لە بواری کشتوکاڵدا، ٤ـ زێدەڕۆیی کردن لە گرنگیدان بە لایەنی سەربازی لەسەر حسابی لایەنەکانی دیکە، کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە هەبوو، ٥ـ چڕکردنەوەی توێژینەوە زانستیەکان لە بواری سەربازیداو پشتگوێخستنی کەرتەکانی دیکەی دەوڵەت، دەرەنجام دابەزینی ئاستی هەناردەکردنی چەك و نەوت و گازی سروشتی بۆ دەرەوەی لەسەرەتای هەشتاکاندا بەدوادا هات، ئەوەش ڕۆڵێکی گرنگی لە لاوازکردنی ئابووری یەکێتی سۆڤیەتدا بینی.[٣٢] تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی لە کۆتایی هەشتاکاندا (٨٪) ی بەرهەمە پیشەسازییەکانی سۆڤیەت چوونەتە ناو ململانێی بازاڕەکانی جیهان، واتا لە (٩٢٪) بەرهەمە پیشەسازییەکان لە ئاستێکی ئەوەندە لاواز دابوون، نەتوانراوە لە بازرگانی دەرەوەدا سودیان لێ وەربگیرێت.[٣٣]

هەروەها لاوازی یەکێتی سۆڤیەت لەڕووی کشتوکاڵەوە هۆکارێکی تر بوو بۆ دارمانی ئابوری وڵات، بەنمونە دەبینین ناچاربوو بە ملیۆنان تۆن گەنم لە دەرەوە بکڕێت بە مەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستی هاووڵاتیان و بەکارهێنانی وەك ئالیکی ئاژەڵ.[٣٤] لەهەمان کاتدا، ڕووبەرێکی گەورەی خاکی سۆڤیەت گونجاو بوو بۆ بەرهەمهێنانی بەروو بوومە کشتوکاڵی و خۆراکیەکان، بەڵام تەنیا لە ساڵی ١٩٨٥ دا ئەو وڵاتە بایی دوانزە ملیار دۆلار بەرهەمە خۆراکیەکانی لە دەرەوە هێناوە بۆ پڕکردنەوەی بەرهەم لە ناوخۆدا.[٣٥]

بەهەمان شێوە بارودۆخی پیشەسازیش لە کشتوکاڵ باشتر نەبوو، لە نێوان ساڵانی ( ١٩٦٥ـ ١٩٨٥ )دا بەرهەمە پیشەسازییەکانی سۆڤیەت لە ( ٥٠٪ ) وە دابەزی بۆ ( ١٤٪ )، داهاتی نەتەوەیی لە ( ٤٣٪ )وە دابەزی بۆ ( ١٦٪ )، هەروەها ئاستی گەشەی داهاتی نەتەوەیی لە ساڵی ١٩٨١ـ ١٩٨٥ دا لە ( ٠٪ ) بووە، کە ئەوە ئاماژەیەکی ترسناك بوو بۆ دابەزینی ئاستی ئابووری ئەو وڵاتە لەو ماوەیەدا.[٣٦] هەروەها لە دوای دروستکردن و بنیاتنانی کارگەی بەرهەمهێنانی ئۆتۆمۆبێلی ( لادا ) بەهاوکاری و یارمەتی کۆمپانیای (فیات) لە شەستەکاندا، یەکێتی سۆڤیەت هیچ دامەزراوەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی لەو بوارەدا بە خۆوە نەبینی گەر بەراوردیشی بکەین لەگەڵ وڵاتە

---

([٣٠]) مەبەستمان لە کۆمۆنیزمی جەنگ، سەپاندنی بارودۆخی جەنگ بوو لە لایەن وڵاتانی رۆژئاوا بەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ دا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە.

([٣١]) محەمەدی مشیر،سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.

([٣٢]) بروانة: تدهور قوة الاتحاد السوفيتي وأسباب الانهيار- www.mogatel . com

([٣٣]) خليل حسين، قضايا دولية معاصر، دار المنهل اللبناني، بيروت، ٢٠٠٧، ص ٣٧.

([٣٤]) سميح عبدالفتاح، المصدر السابق، ص٧٠.

([٣٥]) المصدر نفسه، ص ١٠٠.

([٣٦]) المصدر نفسه، ص ص ٩٩،١٠١ .

یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئەوا ئاستی دواکەوتنی سۆڤیەت لە ( ٥٠٠٪ ) بووە، لەلایەکی ترەوە، لەڕووی ڕێگاو بان و هاتوچۆشەوە، سۆڤیەت بەرانبەر بووە لەگەڵ یاباندا، کە لە ڕووبەردا بەراورد ناکرێن، هیندیش لەسەرەتای هەشتاکاندا زۆر پێشکەوتووتر بووە لەو بوارەدا، هەر لە چوار چێوەی ڕێگاوباندا سۆڤیەت لە نێوان سالآنی ١٩٦٥-١٩٨٥دا زیاتر لە هەشتا ملیار دۆلاری لە بواری دامەزراندنی هێڵی ئاسندا خەرج کردوە، بەڵام پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەدی نەهێناوەو خێرایی بارهەڵگرەکانی (شاحینە) حەوت کیلۆ مەتر بووە لە یەك کات ژمێردا، کە یەکسانە لەگەڵ خێرایی عەرەبانەیەك، کە ئەسپێك ڕایدەکێشێت. ئەو نمونانەی ئاماژەیان پێدرا، ئاماژەیەك بوون بۆ ئەو داتاو زانیاریانەی، کە ترسناکی ئاستی بارودۆخی ئابووری ئەو وڵاتەیان نیشان دەدا[٣٧].

**٢/ هاوکاری دارایی یەکێتی سۆڤیەت بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان و وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان**

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی بەرەو لاواز چوونی سۆڤیەت لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و سەرهەڵدانی جەنگی ساردی نێوان بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، سیاسەتی گەمارۆدان و هاوپەیمانێتیە سیاسی و سەربازیەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بوو، بە مەبەستی فشار خستنە سەر یەکێتی سۆڤیەت، لەبەرانبەریشدا، سۆڤیەت پەنای بردە بەر هاندان و هاوکاریکردنی ئابووریانەی بزوتنەوە رزگاریخوازییەکان لە ئاسیاو ئەفریقا و ئەمریکای لاتین و دەیکردن بە گژ وڵاتانی ڕۆژئاوای سەرمایەداریدا[٣٨].

یەکێتی سۆڤیەت بە هەموو شێوەیەك کەوتە یارمەتیدان و هاوکاریکردنی نەیارانی ڕۆژئاوا، ئەم هاوکارییەش چ لایەنی سیاسی و ئابووری بێت یان مەشقپێکردن و پێگەیاندنی کادیرانی ئەو وڵاتانە لە ناوخۆی سۆڤیەتدا لە ڕووی سەربازی و زانستیەوە.[٣٩] بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا ( CIA ) لە ناوەڕاستی پەنجاکانەوەو لەماوەی ٢٣ ساڵی دواتردا یەکێتی سۆڤیەت بە بڕی ٣٣ ملیار دۆلار هاوکاری پێشکەشی ٦٨ دەوڵەتی تازە پێگەیشتوو کردووە، لە هەمان ماوەدا نزیکەی ٥٠ هەزار خوێندکاری ئەو وڵاتانە لە یەکێتی سۆڤیەت خوێندوویانە، هەروەها سۆڤیەت مەشق و ڕاهینانی بە زیاتر لە ٦٧ هەزار سەربازی ئەو وڵاتانە کردووە،[٤٠] بۆیە دەبینین ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە بوژانەوەی هەستی نەتەوەیی لە وڵاتانی جیهانی سێیەمداو زیاتر لە ١٠٠ دەوڵەت سەربەخۆیی خۆیان وەردەگرن و خۆیان لە ژێر دەستەیی وڵاتانی سەرمایەداری رزگار کردوە.[٤١]

لەو پێناوەشدا، لەناوەڕاستی پەنجاکانەوە یەکێتی سۆڤیەت کەوتە بەستنی چەندین ڕێککەوتننامەی ئابوری لەگەڵ هەریەکە لە ( هیندستان، ئەفغانستان، ئەندۆنیسیا، بۆرما، سیلان، عێراق، یەمەن، نیپال، ئەسیوپیا،

---

(٣٧) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کاریگەری هۆکاری ئابووری لە روخانی یەکێتی سۆڤیەت بڕوانە:
R.W.Davies(Author),Soviet Economic Development from lenin to Khrushchev,Cambridge University press,١٩٩٨,ch٨.

(٣٨) Morton Schwartz(Author),The Foreign policy of the USSR,Dickenson publishing Company,Inc,(١٩٧٥),p.٦٥.

(٣٩) علی محمد یوسف، العولمة بضوء نهایة التاریخ وعصر الایدولوجیات، من مطبوعات دار النهج، حلب، ٢٠٠٧، ص٣٩.

(٤٠) وەرگیراوە لە: سمیح عبدالفتاح، المصدر السابق، ص ٦٢.

(٤١) المصدر نفسه، ص ٦٢.

کینیاو چەندین دەوڵەتی تری جیا )،[٤٢] بۆ نموونە بە گوێرەی ڕێککەوتنی نێوان سۆڤیەت و سوریا لە ساڵی ١٩٥٧دا پسپۆڕانی یەکێتی سۆڤیەت هەستان بە دروستکردنی بەنداوێك لەسەر ڕوباری فورات، کە توانای بەرهەم هێنانی ٢٠٠ هەزار کیلۆ وات کارەبای هەبوو، ئەمە جگە لەوەی نزیکەی ٣٠٪ ـ ٣٥٪ ی زەوییەکانی سوریای ئاودێری دەکرد. هەروەها بە گوێرەی ڕێکەوتنێك کۆمپانیا بیانییەکان پلانیان دانا بۆ دامەزراندنی هێڵی ئاسن لە چەند ناوچەیەکی وڵاتی سوریا بە بڕی ٥٠٠ ملیۆن لیرە، بەڵام شارەزایانی سۆڤیەتی ئەم پرۆژەیەیان بە ١٠٠ ملیۆن لیرەی سوری تەواو کرد، کە ئەمە هاوکارییەکی گەورە بوو بۆ وڵاتێکی دواکەوتووی وەك سوریا. هەروەها شارەزایانی یەکێتی سۆڤیەت بەشداریان کرد لە دروستکردنی بەنداوی ئەسوان لەسەر ڕووباری نیل لە وڵاتی میسر بە کەمتر لە ١٥٪ ی ئەو بڕە پارەی کە کۆمپانیا بیانییەکانی هەریەك لە ئەمریکاو ئەڵمانیاو فەرەنسا پێشنیاریان کردبوو.[٤٣]

بە هەمان شێوە ڕێککەوتننامەی ئابووری یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ کوبا لە ساڵی ١٩٦٠ دا گورزێکی کاریگەر بوو، کە سۆڤیەتییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان وەشاندو تا ئیستاشی لەگەڵدا بێت پەیوەندی خراپی نێوان کوبا و وڵاتە یەکگرتوەکان هەر بەردەوامە. جگە لەوە، بۆ بەرتەسککردنەوەی نفوزی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرانبەر یارمەتیدانی ئەو وڵاتە بۆ ئیسرائیل، یەکێتی سۆڤیەت کەوتە هاوکاریکردنی هەریەك لە سوریاو عێراق و میسر لە شەستەکانی سەدەی بیستدا،[٤٤] گەر هاوکاری و یارمەتیدانی سەربازی و ئابووری یەکێتی سۆڤیەت نەبوایە، ئەوا ڕەنگە گەلی ڤێتنام شکستی بە هێزێکی گەورەی وەك وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا نەهێنایە و لە ٢٩ ی نیسانی ١٩٧٥ دا ناچار بە کشانەوەی بکەن.[٤٥] هاوکاری ئابووری و سەربازی سۆڤیەت لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە بۆ بزوتنەوەی نیشتیمانی وڵاتانی تازە گەشەسەندوو، ئەگەرچی لە لایەك پێگەو نفوزی یەکێتی سۆڤیەتی لەبەرانبەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ڕاگرت، بەڵام لە لایەکی ترەوەو دواجار ئەو یارمەتی و هاوکاریانە بوونە بارێکی قورس بەسەر شانی سەرانی سۆڤیەتەوەو بارودۆخێکی خراپی ئابووری لە ناوخۆی وڵاتدا لێکەوتەوە.

جگە لەوە، لەبواری زانستیشدا یەکێتی سۆڤیەت دواکەوتنێکی گەورەی بەخۆوە بینی لە سەرەتاو ناوەڕاستی هەشتاکاندا، بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٨٥ دا یەکێتی سۆڤیەت خاوەنی ٥٠ هەزار کۆمپیوتەر بوو، لە کاتێکدا ئەمریکا خاوەنی ٣٠ ملیۆن بوو، دوای چوار ساڵ کاتێك ڕێژەی کۆمپیوتەری تاکە کەسی لە یەکێتی سۆڤیەت گەیشتە ٤٠٠ هەزار، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خاوەنی ٤٠ ملیۆن کۆمپیوتەری تاکە کەسی بوو.[٤٦] هەروەها قەیرانی ئابووری کاریگەری لەسەر کەرتەکانی تری دەوڵەت وەك سیستەمی پەروەردەو تەندروستی و ژینگە و پرۆسەی

---

([٤٢]) ئاظل تريتياكوف، مساعدة الاتحاد السوفيتي للاقطار المتخلفة اقتصاديا، مطبعة الرابطة، بغداد، ١٩٦٠، ص٥.

([٤٣]) پاڤل تريتياكوف، المصدر السابق، ص٦-٧.

([٤٤]) احمد مصاد، الحرب البارده www.magatel.com

([٤٥]) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ابراهيم خليل احمد وعونى عبدالرحمن سبعاوى، تاريخ العالم الپالپ الحديپ، وزاره التعليم العالى والبحپ العلمى، جامعه الموصل، ١٩٨٩، ص ١٣١-١٣٤ ؛ لوقمان خەیاڵی، پوختەیەك لە مێژووی گەورە زلهێزی جیهان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٧٣- ٧٤.

([٤٦]) خليل حسين، المصدر السابق، ص ٤٧.

خزمەتگوزارییە گشتییەکان دانا و بوە هۆی بلاّوبونەوەی گەندەڵی ئیداری و فەسادی ئەخلاقی و بلاّوبونەوەی مادده هۆشبەرەکان و زیادبوونی تاوان و خۆدزینەوەی هاولاّتیان لە ئەرکەکانی سەرشانیان.[٤٧]

**تەوەرەی سێیەم : کاریگەری سیستەمی سیاسی و ئیداری یەکێتی سۆڤیەت**

**١/ سیستەمی سیاسی و ئیداری**

کاریگەریەکی تری گرنگ لە ڕووخانی سۆڤیەت و هەڵوەشانەوەی بەرەی ڕۆژهەلاّت، ئەو سیستەمە سیاسیی و ئیداریە بوو، کە ولاّتانی سۆسیالیستی لە بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی ولاّتدا پەیڕەویان دەکرد، بەدرێژایی تەمەنی حەفتا ساڵەی خۆی، ئەگەر چی یەکێتی سۆڤیەت دروشمی مافی مرۆڤ و ئازادی تاکەکەسی و مافی گەلان و کۆمەلگەی بێ چینایەتی و ئازادی بیروباوەڕو دادوەری کۆمەلاّیەتی و یەکسانی لە ئەرك و مافەکانی بەرز کردبۆوە، بەلاّم لە پراکتیزەکردنی ئەو دروشمانە پێچەوانەکەی بینراو نەتوانرا ئەو دروشمانە پڕاکتیزە بکرێن و ئەو وشانە ڕۆحیان بەبەردا بکرێن، لەو جۆرە سیستەمەدا دەسەلاّتی دەوڵەت بچوککرایەوەو لەلایەن گروپێکی کەمی کۆمەلگەوە قۆرخکرا، پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ( چینی پرۆلیتاریا ) ئەو بیانووە بوو، کە بەهۆیەوە سەرانی سۆڤیەت کەوتنە مۆنۆپۆڵکردنی دەسەلاّت و سنوردارکردنی ئازادییەکانی خەلك و بێبەشکردنی هاوولاّتیان لە مافی ڕادەربڕین و قسەکردن لەسەر شێوەی ژیانیان، لەوبارەیەوە( روبرتس ) پێوایە سیستەمی شیوعی، سیستەمێکی تاك ڕەهەندەو تاك گوتارەو بەگەڕانەوە بۆ سیستەمی فیرعەونی نێوی دەبات.[٤٨] لەهەمان کاتدا( هربارت مارکوز )، پێوایە سیستەمی دیکتاتۆری، مرۆڤی تاك ڕەهەند دەخوڵقێنێت و کۆمەلگەیەك دێنێتە کایەوە وەك ئەو ناوی دەنێت کۆمەلگەی بێ ئۆپۆزسیۆن.[٤٩]

یەکەمین زەبری کوشندە، کە بەر پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی کەوت لە یەکێتی سۆڤیەت، هەڵوەشاندنەوەی ( ئەنجومەنی دامەزراندن ) بوو، دوای ئەوەی بەلشەفییەکان لە هەڵبژاردنی کانونی یەکەمی ١٩١٧ دا دەرنەچوون، لینین ئەو ئەنجومەنەی هەڵوەشاندەوە بە بیانووی ئەوەی سیمایەکە لە سیماکانی سیستەمی سەرمایەداری.[٥٠] هەروەها دیاریکردنی سیستەمی ( هەرەمی ) لە ئیدارەدان و بەڕێوەبردنی ولاّت لە دەستوری ساڵی ١٩١٨ دا ڕوخسارێکی تری دیکتاتۆریانەی بە ولاّت بەخشی، ئەمە جگە لەوەی تاکە پارتی ڕێگە پێدراو بۆ نواندنی جموجۆڵی چالاکی و تاکە هێزێك، کە گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی ( چینی کرێکاران ) بکات، تەنیا پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی بوو.[٥١] دواتر، مردنی لینین لە ساڵی ١٩٢٤ گرتنە دەستی دەسەلاّت و کورسی فەرمانڕەوایەتی یەکێتی سۆڤیەت لە لایەن ستالینەوە هەنگاوەکانی ئەو ولاّتەی ڕەوو بنیادنانی سیستەمێکی تۆتالیتاری و پەرگیر خێراترو بە گوڕتر کردن، هەر لەگەڵ گرتنە دەستی دەسەلاّت، ستالین کەوتە نواندنی توندوتیژی و زەبرو زەنگ لە دژی ئەو کەسانەی نەخێریان لە دژی سیاسەتی ولاّت بەرز کردبۆوەو لە ململانێ و کێبەرکێدا بوون لەگەڵ ستالیندا، لە نێوان ساڵانی ١٩٢٥-١٩٢٨ دا ستالین کەوتە ڕاوەدوونان و دەرکردنی دۆستە

---

([٤٧]) سميح عبدالفتاح، المصدر السابق، ص ٧٦.

([٤٨]) هينرى ل.روبرتس، روسياو أمريكا، ترجمة: شكرى علاوي، المؤسسة الاهلية للطباعة والنشر، بيروت، د.م، ص ٤٤-٤٥.

([٤٩]) هربارت ماركوز، الانسان ذو البعد الواحد، ترجمة: جورج طرابيشي، ط٣، دار الاداب، بيروت، ١٩٨٨، ص٢٥.

([٥٠]) محمد محمد صالح وآخرون، المصدر السابق، ص١٦٠.

([٥١]) المصدر نفسه، ص١٥٥.

نزیکەکانی دوێنی وەك ( ترۆتسکی و زینوفیف و کامنیف )، کە سەرکردەی دیارو ڕۆڵێکی کاراو گرنگیان بینیبوو لە سەرهەڵدان و بە ئامانج گەیشتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ دا.[٥٢]

لەماوەی ساڵانی حوکمڕانێتیدا ( ١٩٢٤-١٩٥٣ ) ستالین شێوازێکی نا مرۆڤانەی گرتە بەر لە ئیدارەدان و بەڕێوەبردنی وڵاتدا، ئەو سیستەمە سیاسی و ئیداریەی ئەو پەیڕەوی کرد، دواتر بوو بە فۆڕمی بەڕێوەبردنی وڵات بە درێژایی تەمەنی یەکێتی سۆڤیەت. لەو سیستەمە سیاسیەدا تاکەکانی کۆمەڵگە خاوەنی ڕاو بۆچونی خۆیان نەبوون و لەبەرانبەر پرۆسەی سیاسی وڵاتدا پەراوێز خرابوون، هیچ تاکێك نەی دەتوانی نەخێر لەبەرانبەر بڕیارەکانی حکومەتدا بڵێت، ئەو کەسانەی ئەو ئازایەتیەشیان دەنواند یان دەکوژران یان دەبووایە سەری خۆیان هەڵگرتباو وڵاتیان بەجێهێشتبا، شاعیرێکی وەك ( ئۆنیا تۆشنیکایا ) لەسەر نوسینی چەند شیعرێك، کە تێدا پەردەی لەسەر چەند کارێکی ناڕەوای سەرانی سۆڤیەت هەڵدابۆوە، حەوت ساڵ زیندانی کراو پێنج ساڵی تریش دوورخرایەوە لەوڵات، هەروەها ڕۆمان نوسێکی وەك ( باستەرناك ١٨٩٠ ـ ١٩٦٠ ) یش بەهۆی نوسینی ڕۆمانی ( دکتور ژیڤاگۆ ) وە لە یەکێتی نوسەرانی سۆڤیەت دەرکراو لە هەمان کاتیشدا خوێندکارانی سەر بەپارتی دەسەڵاتدار داوای لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەشیان دەکرد لە باستەرناك و وەکو خیانەت کار بە گەل و نیشتیمان وێنایان دەکرد.[٥٣]

هەروەها تێکەڵکردنی حیزب و حکومەت دەرفەتێکی باشی بۆ خەڵکی کەم تواناو بێ ئەزموون رەخساند تا بتوانن بە ئاسانترین شێوە پۆستەکانی حکومەت داگیر بکەن، ئەمەش چەندین گرفتی تری وەك گەندەڵی ئیداری و ئەخلاقی و گوێپێنەدان و ....هتد، لێکەوتەوەو کاریگەریەکی نێگەتیڤی لەسەر ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی بەجێهێشت.[٥٤] ڕەفتاری بیرۆکراتانەی حیزب و دەوڵەت بووە هۆی خنکاندنی بیرۆکەی ( دادوەری کۆمەلایەتی )، ئیمتیاز بەخشین بەسەرانی حیزب و کەسی یەکەمی دەوڵەت کارێکی وەهای کرد بازنەی دەوری کەسی یەکەم لە سۆڤیەتدا گوێڕایەڵی هەموو شتەکان بن، وردە وردە گوێڕایەڵی زێترو باشتر خۆی دەنواند لە ترسی لە دەستدانی پلەو پایەو ئیمتیازاتەکانیان.[٥٥]

لەبەرئەوە، رۆژ لە دوای رۆژ ژمارەی ئەو کەسانە زیاتر دەبوو، کە نەیاندەتوانی قسە بکەن وهەوڵیان دەدا خۆیان لەگەڵ بارودۆخەکە بگونجێنن و ململانێیان لەسەر چوونە پێشەوە دەکرد لەسەر حسابی خۆگونجاندن و قسە نەکردن، هەروەها ئاستی لێپرسراوێتی و هەیبەتی لێپرسراوەکان لە حیزب و دەوڵەت دابەزییە خوارەوە، وەرگرتنی ئیمتیازات لەبەرانبەر بێدەنگی کارێکی وەهای کرد هەموو پلەکانی لێپرسراوێتی هەرچیەکیان لە دەرەوە بۆ بهاتایە، لە ژێرەوەی مێزەکەوە قبوڵیان دەکردو وەریان دەگرت.[٥٦] دیاردەی پیری و کەم توانایی باڵی بەسەر سەرانی حیزب و دەوڵەت لە یەکێتی سۆڤیەتدا کێشا بوو. زۆربەی سەرکردەکانی حیزب بەشدارێکی چالاك و ڕۆڵێکی گرنگیان بینیبوو لە سەرکەوتنی سۆڤیەت بەسەر نازیەکان لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، ئەمە

---

([٥٢]) محمد محمد صالح وآخرون، المصدر السابق، ص١٦٠

([٥٣]) کەمال مەعروف، کێشە نەتەوەییەکان و ڕوداوە سیاسیەکانی جیهان و کوردستان، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٣٦.

([٥٤]) سميح عبدالفتاح، المصدر السابق، ص ٣٣.

([٥٥]) محمد حسنين هيكل، گرنگترین هۆکاری رووخانی پڕ شەرمەزاری سۆڤیەت، و: ئەرسەلان بایز، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژمارە(١٨)، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٦٥-٦٧.

([٥٦]) محمد حسنین هیکل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.

وایكرد بوو خەڵك بە چاوێكی بەڕێزو پیرۆزەوە سەیریان بكەن، ئەو حاڵەتە سەری كێشا بۆ قۆرخكرنی كورسی دەسەڵات و ڕێگە نەدان و مەیدان چۆڵ نەكردن بۆخوێنی تازەو كەسانی بەتواناو لێهاتوو، كە لە ئەرك و مەهامەكانی سەردەمەكەیان بە جوانی تێدەگەیشتن.(٥٧)

بەسەرنجدان لە مێژووی یەكێتی سۆڤیەت، ئەو راستیە خۆی ئاشكرا دەكات، كە هیچ كام لە سەرانی سۆڤیەت بەدۆخێكی ئاسایی و شێوازێكی دیموكراتی كورسی دەسەلاتیان جێنەهێشتووە، فلادیمێر لینین ( ١٩١٧-١٩٢٤ )، جۆزیف ستالین ( ١٩٢٤-١٩٥٣ )، نیكیتا خرۆشۆڤ ( ١٩٥٣-١٩٦٤ )، لیۆنید برجنیف ( ١٩٦٤-١٩٨٢ )، یۆری ئاندەر بۆڤ ( ١٩٨٢- ١٩٨٤ )، كۆنستانتین چرینینكۆ ( ١٩٨٤-١٩٨٥ )، ئەمانە هەموویان تاوەكو نەمردوون كورسی فەرمانڕەوایەتییان جێنەهێشتووە.(٥٨) واتا بە هیچ شێوەیەك ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە سۆڤیەتدا بەڕێگەی دیموكراسی و یەكتر قبوڵكردن بە درێژایی تەمەنی ئەو زلهێزە بوونی نەبووە.

گرفتێكی تری ئەو سیستەمە سیاسیە خراپی هەڵسوكەوتیان بوو لەگەڵ پرسە نەتەوەیی و ئاینییەكانی نێو هەناوی كۆمەڵگەی سۆڤێتی، كە زیاتر لە ١٠٠ نەتەوەو گەلی لێك جیاوازی لە ئامێزگرتبوو.(٥٩) وەكو ( محمد حسنین هیكل ) ئاماژەی پێدەكات دەوڵەت نەیتوانی جیاوازی بكات لە نێوان گرتنە باوەشی خۆشەویستی و گووشین تا خنكاندن، سەرەنجام گووشین و خنكاندنەكە بالاْ دەست بوو.(٦٠)

لە پەیڕەو كردنی دۆخێكی وەهاشدا، سەرانی سۆڤیەت سەركەوتوو بوون لە یەكڕەنگ و یەك دەنگ كردنی كۆمەڵگە، بەلاْم ئەوە نیشانی بنیاتنانی كۆمەڵگەیەكی تەندروست نەبوو، بەڵكو یەكێتی شۆڤیەت لە گۆڕستانێكی گەورە دەچوو، كە تاكەكانی ناوی بە بێ دەنگی و لە تەنیشت یەكەوە راكشاون. متبوون و بێدەنگی كۆمەڵگەی سۆڤیەتی نیشانەی قبوڵكردن و ڕازیبوونی نەبوو لەو بارودۆخە، بەڵكو دەرخەری ئەو ڕاستیە بوو، كە ئەو سیستەمە تا چ ڕادەیەك لەسەر توندوتیژی و تیرۆرو تۆقاندن وەستابوو، تەنیا جۆزیف ستالین بەرپرسیاری كوشتنی چەندین ملیۆن كەس و زیندانی كردن و ئاوارەكردنی چەندان ملیۆن كەسی دیكە بوو لە یەكێتی سۆڤیەت،(٦١) تەنیا لە پێناو سەپاندنی بەرنامە ئابووریەكەی، كە بریتی بوو لە بە گشتیكردنی زەوییە كشتوكاڵیەكان، ملیۆنان جوتیاری گوندەكان و خاوەن موڵكە بچوكەكان ڕووبەڕووی كوشتن و تۆقاندن بوونەوە. هەروەها لە نێوان ساڵانی ١٩٣٤-١٩٣٨ لە ڕێگەی زنجیرەیەك ئیجرائاتەوەو دانانی دادگایەكی تایبەت، كەوتە پاكتاوكردنی نەیارەكانی، لەو ڕێگەیەوە هەزارانی گوللە باران كردن و زیندانەكانی لێپڕكردن، جگە لەوە، هەزاران فەرمانبەری دام و دەزگاكانی حكومەت و حیزب لەو ماوەیەدا بێ سەرو شوێن بوون، تەنانەت ئەم پرۆسەیە دۆستە نزیكەكانیشی لێ بێبەش نەبوون.(٦٢) بۆیە لە سیستەمێكی لەو شێوەیەدا حاڵەتێكی سروشتیە

(٥٧) سمیح عبدالفتاح، المصدر السابق، ص ٥٧.

(٥٨) عەبدولقادر ساڵح، فەرهەنگی سیاسی سەبا، چ٢، كۆمپانیای چاپ و پەخشی نووسەر، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٢٤٥.

(٥٩)میخائل غورباتشوف، البیریسترویكا(اعادة البناء والفكر الاشتراكي )،ت:عباس خلف، شركة المعرفة للنشر والتوزیع، بغداد، ١٩٩٠،ص١٥

(٦٠) محمد حسنین هیكل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥.

(٦١) مایكل ماندلبۆم، ئەو ئایدیایانەی دەستیان بەسەر جیهاندا گرت، و: گۆران صەباح غەفور، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٥٩.

(٦٢).م.روبرتس، موجز تاریخ العالم، ج٢، ت: فارس قطان، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ٢٠٠٤،ص ٨٦٨ ـ ٨٦٩.

تاکەکانی ناوی و نەتەوە جیاوازەکان چاوەڕێی دەرفەتێك بکەن بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و ڕزگاربوون لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەتدا.

### ٢/ سەردەمی گۆرباچۆڤ و بەرەو ڕووخانی سۆڤیەت

دوای مردنی چیرنینکۆ ( ١٩٨٤-١٩٨٥ )، دەرفەت ڕەخسا بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و گەیشتن بەکورسی فەرمانڕەوایەتی لەلایەن کەسایەتییەکەوە بە نێوی ( میخایل گۆرباچۆڤ)،[٦٣] کاتێك دەسەلاتی گرتە دەست، یەکێتی سۆڤیەت بە خراپترین قۆناغی خۆیدا تێدەپەڕی، گرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە لوتکە دابوون، حکومەت توانای پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی هاوڵاتیانی نەبوو، لەلایەکی ترەوە، فشارەکانی بەرەی خۆرئاوا، بەتایبەت ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا تا دەهات زیاترو بە تینتر دەبوون، بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی ئەو بارودۆخەو دۆزینەوەی چارەسەرێك و دەربازکردنی وڵات لە قەیرانی ئابووری بە تایبەتی و چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆ، گۆرباچۆڤ هەردوو بەرنامەی ( پیرۆسترۆیکا )[٦٤] و ( گلاسنۆست)[٦٥] ی ڕاگەیاند. لەبارەی پرۆژەی بنیاتنانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، گۆرباچۆڤ ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەم پرۆسەیە خەیاڵکردی تاکە کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك نیە سەرپێیانە بڕیاری لە بارەوە درابێت، بەڵکو لەناو ناخی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خەڵکی یەکێتی سۆڤیەت و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی وردو قوڵی ژیانی خەڵکیەوە لەدایك بووە، گۆرباچۆڤ وەك لە کتێبەکەیدا ( پیرۆسترۆیکا ) ئاماژەی پێدەکات، پێیوایە ئەگەر سۆڤیەت بیەوێت لە هەموو بوارەکانی ژیانداو بەتایبەتی لە لایەنی ئابووری و زانستیەوە بەرەو پێش بچێت و لەسەر ئاستی وڵاتانیش لە کاروانی پێشکەوتن دوانەکەوێت، ئەوا مومکین نییە بەو حاڵەیەوە بتوانێت هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێت. بەڵکو ئەو بارودۆخە دژوارەی، کە تێکەوتون ناچاریان دەکات چاکسازی و پێداچونەوە بکەنە پێداویستیەکی هەنوکەیی، ناوەرۆکی ئەو پرۆسەیە( پرۆسەی بنیاتنانەوەو ئاشکراکاری ) بەم شیوەیە دیاری کردبوو: " زاڵبوون بەسەر ئەو بارودۆخە خراپە ئابوورییەی، کە یەکێتی سۆڤیەت تێیکەوتووەو ڕێگەگرتن لە شکستهێنانی تەواوەتی لەوبوارەدا، گرنگی دان بە لێکۆڵینەوەی زانستی و بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ لە بواری ئابووری بە تایبەتی و سەرجەم لایەنەکانی تری ژیان بە گشتی، گرنگی دان بە چاکسازی کۆمەڵایەتی و بەرقرارکردنی دادوەری کۆمەڵایەتی، گەشەپێدانی هەمەلایەنەی پرۆسەی دیموکراسی لە یەکێتی

---

([٦٣]) میخایل سیجیفش گۆرباچۆڤ ( ١٩٨٥-١٩٩١)، لە ساڵی ١٩٣١ لە دایك و باوکێکی هەژار لە گوندی بریفولونیا لەهەرێمی ستافربول لە دایك بووە، ساڵی ١٩٥٢ پەیوەندی بە پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتیەوە کردوە، لە ژیانی سیاسیدا چەندین پۆستی حیزبی و حکومی وەرگرتوە لەوانە: ساڵی ١٩٨٥ پۆستی سەرۆکایەتی ( المجلس الاعلى ) وەردەگرێت و دەبێتە سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت. بڕوانە: حسن شکری، عاصفة الجليد ( امريكا ونهاية الاتحاد السوفيتي)، مكتبة مدبولى للطباعة والنشر، القاهرة،١٩٩٢، ص ١٧٥-١٧٦ ؛ مايكل جي هوغان، نهاية الحرب الباردة، ت: محمد اسامة القتيلي، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩٨، ص ٢٢.

([٦٤]) پیرۆسترۆیکا: وشەیەکی ڕوسیە لەزمانی عەرەبیدا وەرگێڕدراوە بە ( إعاده البناو) واتە دووبارە بنیاتنانەوە یان پێداچوونەوە بە بیروباوەڕ ( إعادة النظر فى العقائد ).بڕوانة: ميخائل غورباتشوف، المصدر السابق، ص٧.

([٦٥])گلاسنۆست:واتا ئاشکراکاری یان شەفافیەت،بە مانای ئاگاداربوونی هاوڵاتیان لە چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکانی حیزب وحکومەت

سۆڤیەتدا، بەخشینی سەروەری و دەسەڵاتی زیاتر بە وڵاتان و هەرێمەکانی چوارچێوەی یەکێتی سۆڤیەت، گرێدانی مەسەلەی سۆسیالیزم بە پرۆسەی دیموکراسییەوە..." .[٦٦]

بەڵام وڵاتانی رۆژئاوا، بەتایبەت ئەمریکا لەو باوەڕەدا بوون ئەم پرۆسەیە هەنگاونانی یەکێتی سۆڤیەتە رووەو بنیاتنانی سیستەمێکی سەرمایەداری و پاشگەزبوونەوەیە لە سیستەمی سۆسیالیستی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، گەرچی گۆرباچۆڤ ئەوەی ڕەتدەکردەوە، کە شۆرشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ وەك هەڵەیەکی مێژوویی تەماشا بکات و لەگەڵ ئەو بۆچونەدا نەبوو، کە ئەو پرۆسەیەی ئەو دەستی داوەتێ پاشگەزبوونەوە بێت لە بنەماکانی سۆسیالیزم، بەڵام لە هەمانکاتدا پێوابوو جیهانی ئیستا، جیهانی سەدەیەك بەر لە ئێستا نییەو مرۆڤی ئەو سەردەمە خاوەنی خەون و خولیاو پرسیاری تایبەتی خۆیەتی و ناکرێت بە بیروبۆچوونەکانی سەدەیەك بەر لە ئیستا وەڵامی داخوازییەکانی بدرێتەوە.[٦٧] خاڵی بنچینەیی جیاوازی گۆرباچۆڤ لەگەڵ کەسانی تردا لەوەدا خۆیی دەنواند، کە هۆکاری دواکەوتوویی و پاشەکشەی یەکێتی سۆڤیەتی تەنیا لە بواری ئابووری و مەسەلەی بەرهەمهێناندا نەدەبینی، بەڵکو پێیوابوو ئەو ئایدیۆلۆژیایەی، کە یەکێتی سۆڤیەتی لە ماوەی رابردوودا لەسەر بیناکرا بوو، ڕۆڵێکی نێگەتیڤی گێڕاوە لە دروستکردنی ئەو بارودۆخە خراپەی، کە کۆمەڵگە تێیکەوتووە.[٦٨]

پەلەکردنی گۆرباچۆڤ لە پرۆسەی چاکسازی و بنیاتنانەوەی یەکێتی سۆڤیەتدا بووە هۆی ئەوەی نەتواندرێت کۆمەڵگە بە قۆناغبەندی و پلە پلەیی مەسەلەکان وەربگیرێت و مامەڵەیەکی پۆزەتیف لەگەڵ ئەم بارودۆخە نوێیەدا بکات، بەڵکو کۆمەڵێك دیاردەی نێگەتیف لە ناو کۆمەڵگەی سۆڤیەتیدا سەریهەڵدا، وەك:

- دروست بوونی هێزی بەرهەڵستکار لە ژێر پەردەی پارێزگاریکردن لە یەکێتی سۆڤیەت.
- هێزی ئۆپۆزسیۆن داوای چاکسازی بە ئاراستەی بازاڕی ئازادو دەرگا کردنەوە بە ڕووی فرە حزبیان دەکرد.
- ئاستی داواکارییەکانی کۆمەڵانی خەڵك بەڕادەیەك بەرزببونەوە، کە حسابی وردی بۆ نەکرا بوو.
- ئەو بارودۆخە سەریکێشا بۆ زیاد بوونی تاوان و بڵاو بوونەوەی فەسادی ئەخلاقی و جیاوازی کۆمەڵایەتی .[٦٩]

وەك دەبینین دەرگا کردنەوە بەڕووی فرە حیزبی و دیموکراسی لەجیاتی ئەوەی چارەسەرێك بێت بۆ ئەو بارودۆخە، هەلومەرجەکەی زیاتر شڵەقاندو پەشێویەکی گەورەی لێکەوتەوەو سەرانی یەکێتی سۆڤیەت لە پێناو وەدەستخستنی پلەو پایەی زیاتر کەوتنە ململانێ لەگەڵ یەکتریدا،[٧٠] هەروەها دەکرێت ئاماژە بە چەند هۆکارێك بکەین لە شکستهێنانی پرۆسەی پیرۆسترۆیکادا:

- هەوڵدان بۆ چارەسەرو جێبەجێکردنی چاکسازی، هاوتەریب نەبوو لەگەڵ ئەنجامدانی چاکسازی لەبواری سیاسی و ئیداریدا.

---

([٦٦]) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: میخائل غورباتشوف، المصدر السابق، ص ١٥-٤٨.

([٦٧]) المصدر نفسه، ص١١٩.

([٦٨]) Robert Miller (Author), Soviet Foreign policy Today: Gorbachev and the new political Thinking, Routledge, ١st edition, (١٩٩١), p.٦٥.

([٦٩]) حسين شريف، المصدر السابق، ج٤، ص ٢٢-٢٣.

([٧٠]) سميح عبدالفتاح، المصدر السابق، ص ٨٧.

**- گرفتێكی گەورەی نێو یەكێتی سۆڤیەت مەسەلەی ( نەتەوەكان) بوو، كە سەرانی سۆڤیەت لە چوارچێوەی ئەو پرۆسەیەدا پشتگوێیان خستبوو هیچ گرنگییەكیان پێنەدا، كە ڕۆڵی نێگەتیڤی گێڕا لە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی یەكێتی سۆڤیەتدا.**

**- سەرانی سۆڤیەت شكستیان خوارد لە دانانی سنورێك بۆ بیرۆكراتیەتی ئیداری و گەندەڵی ئابووری، كە سەرتاپای سیستەمی سیاسی و ئیداری وڵاتی گرتبۆوە.**

**- هێنانی چەمكی دیموكراسی رۆژئاوا بۆ ناو یەكێتی سۆڤیەت هەڵەیەكی گەورە بوو، كە سەرانی سۆڤیەت و بەتایبەت گۆرباچۆڤ ئەنجامی دا، لەبەر ئەوەی وڵاتانی رۆژئاوا خاوەنی كولتورێكی دوورو درێژی دیموكراسین و زیاد لە دوو سەدەیە لەگەڵ ئەو پرۆسەیەدا ئاشنان، بەڵام نە یەكێتی سۆڤیەت و نە ڕوسیای قەیسەریش خاوەنی باكگراوەندێكی دیموكراسی نەبوون، بۆیە دەرگا كردنەوە بە ڕووی فرەییدا لە جیاتی چارەسەر بێت، قەیرانی لێدروست بوو.[71]**

**لەبواری دەرەوەشدا، لە شوباتی ساڵی ١٩٨٦ دا گۆرباچۆڤ لەبەردەم كۆنگرەی بیست و حەوتەمی پارتی كۆمۆنیستی سۆڤیەتیدا رایگەیاند بوو، كە پێویستە تێڕوانینیان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی جیاواز بێت لەو تێگەیشتنەی، كە پێشتر بۆ ئەم چەمكەیان هەبووە. ئەوە نیشانەی ئەوەبوو، كە یەكێتی سۆڤیەت پاشەكشە لە ململانێكانی دەرەوەیدا دەكات، لە هەمان ساڵدا ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ ڕێگری و قەدەغەكردنی چەكی ئەتۆمی، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٧ و بە گوێرەی ( پەیماننامەی هێزی ئەتۆمی ناوەند مەودا INF ) یەكێتی سۆڤیەت كەوتە سنوردارکردنی سیستەمی موشەكی، كە ڕووەو ئەورووپاو ئاسیا لە ماوەی جەنگی ساردا دایمەزراند بوون، جگە لەوە، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٨-١٩٨٩ سەرجەم هێزەكانی خۆی لە ئەفغانستان كێشایەوە، لە هەمان كاتدا دەستی هەڵگرت لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات، بەمەش ئەو وڵاتانە لە هاوپەیمانێتی یەكێتی سۆڤیەتەوە گۆڕان بۆ وڵاتێكی بێ لایەنی ناسۆسیالیستی، هەروەها لە ساڵی ١٩٩٠دا رەزامەندی نواند لەسەر یەكگرتنەوەی هەردوو بەشە لێكترازاوەكەی ئەڵمانیاو بوون بە ئەندام لە پەیمانی ناتۆ، هەروەها دەستی هەڵگرت لە رێكخراوی ئابووری ( الاتحاد الاقتصادی لمجلس المعونە الاقتصادیە المشتركە- CMEA)، هەتا لە ساڵی ١٩٩١ بە فەرمی هەڵوەشاندنەوەی یەكێتی سۆڤیەت راگەیەندرا.[72]**

### تەوەرەی چوارەم: كاریگەرییە دەرەكییەكانی ڕوخانی یەكێتی سۆڤیەت

### ١/ كاریگەری نێگەتیڤی جەنگی یەكەم و دووەمی جیهانی

**ڕوسیا بەر لە شۆڕشی ئۆكتۆبەر لە بارودۆخێكی خراپی ئابوری و سیاسی و كۆمەڵایەتیدا بوو، بەشداریكردنیشی لە جەنگی یەكەمی جیهانیدا گرفتەكانی ئەو وڵاتەی قوڵترو زیاتر كردن، لەو جەنگەدا ڕوسیا زیاتر لە ( ٥,٥٠٠,٠٠٠ ) مرۆڤی لە دەستداو زەرەرو زیانێكی زۆری ئابووریشی لێكەوت، تا وای لێهات نەیدەتوانی درێژە بە شەڕ بدات و پێداویستی سەربازەكانی ئامادە بكات.[73] دوای سەركەوتنی شۆڕشی ئۆكتۆبەری ١٩١٧ و**

---

**([71]) سمیح عبدلفتاح، المصدر السابق، ص ٨٦-٨٧.**

**([72])مایكل جی هوغان، المصدر السابق، ص ٢٣٨- ٢٣٩.**

**([73]) بڕوانە: لیۆن ترۆتسكی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢ ؛ عمر عبدالعزیز عمر ومحمد علی القوزی، المصدر السابق، ص ٢٩٩-٣٠٠.**

ڕووخاندنی حکومەتی کاتی هەنگاوی یەکەمی دژایەتیکردنی ئەو شۆڕشە لە لایەن ولاَتانی ڕۆژئاوا دەستی پێکرد، هەڵبەت ولاَتانی ڕۆژئاوا بلاَوبوونەوەی بیری شیوعیان بە مەترسییەکی گەورە دەزانی لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان و جیهانی سەرمایەداری، بۆیە لە مانگی ئازاری ١٩١٨ بە سوپای چواردە دەوڵەتەوە پەلاماری ڕوسیایان داو ڕووبەرێکی گەورەی خاکی ڕووسیایان داگیر کرد، شۆڕشیان ناچار کرد توانا ماددی و مرۆییەکانی ولاَت بخاتە خزمەتی جەنگەوە.[٧٤] ئەو پەلاماردانە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە ولاَتانی ڕۆژئاوا لە شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوەو بۆ نزیکەی حەفتا ساڵ لە هەوڵی بەردەوامدا بوون بۆ لە باربردنی شۆڕش و دواتر لە ناوبردن و ڕووخاندنی یەکێتی سۆڤیەت.

لەلایەکی ترەوە، ئەگەرچی یەکێتی سۆڤیەت لە جەنگی دووەمی جیهانی ( ١٩٣٩-١٩٤٥ ) بەسەرکەوتوویی هاتە دەرەوەو توانی زۆرینەی ولاَتانی ئەوروپای ڕۆژهەلاَت لە ژێر دەستی ئەڵمانیای نازی ڕزگار بکات، بەلاَم ئەو جەنگە ماڵوێرانی و کاولکارییەکی زۆری بۆ یەکێتی سۆڤیەت تێدا بوو، لەو ماوەیەدا خاکی یەکێتی سۆڤیەت بووە مەیدانی جەنگ و ئەو ولاَتە ٣٢٠٠ دامەزراوەی گەورەی پیشەسازی و ٦٠٪ ی کارگەکانی کانزاکاری و خەڵوزو هێڵەکانی ئاسنی لە دەستدا، ئەمە جگە لە وێران بوونی ١٧١٠ شارو نزیکەی ٧٠٠٠٠ گوند.[٧٥]

ئەو جەنگە، سۆڤیەتی ناچار بە وەرگرتنی ٢٣٪ ی کۆی ئەو ٥٠٠٠٠ ملیۆن دۆلارە کرد، کە ئەمریکا وەك هاوکاری بەخشیە هەر یەك لە بەریتانیاو هاوپەیمانەکانی.[٧٦] بە سەرنجدان لەو دوو جەنگە، دەبینین ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە رکابەری سەرەکی یەکێتی سۆڤیەت بوون لە جەنگی سارددا، بەکەمترین زیان لێیان دەربازی بوەو ولاَتەکەشی دوور بووە لە مەیدانی جەنگ، بەپێچەوانەوە سۆڤیەت لە هەردوو جەنگەکەدا زۆرترین زیانی ماددی و مرۆیی لێکەوتەوە.

### ٢/ کاریگەری سیاسەتەکانی ولاَتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو بەرەی ڕۆژئاوا

بە ئاماژەکردن بەوەی، کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر بنەمای فەلسەفەی مارکسیزم دامەزراو سەریهەڵدا، بۆیە ئەو تێڕوانینە بۆ ژیان ڕێك پێچەوانەی ئەو سیستەمە بوو، کە ولاَتانی ڕۆژئاوا پراکتیزەیان دەکرد، کە بریتی بوو لە سیستەمی سەرمایەداری، بۆیە هەر زوو جیاوازییەکانی نێوان ئەو دوو زلهێزەی جیهان دەرکەوتن. لەبەر ئەوە یەکێك لە ڕەهەندەکانیدا بریتی بوو لە ململانێیەکی ئایدیۆلۆژی توند لە نێوان دوو سیستەمی سیاسی، کۆمەلاَیەتی و ئابووری جیاواز، کە هەریەکەیان پشتی بە ئایدیۆلۆژیایەکی جیاوازو دژ بە یەك بەستبوو ئەوانیش ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیزمی سۆڤیەتی و سەرمایەداری ڕۆژئاوایی.[٧٧]

لەبەر ئەوە، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهان و شکستهێنانی ئەڵمانیاو ئیتالیاو یابان، ململانێ نێودەوڵەتیەکان چوونە قۆناغێکی ترەوە، هەریەك لە بەریتانیاو ئەمریکاو سۆڤیەت لە هەوڵی یەکلاییکردنەوەی

---

(٧٤) عبدالوهاب قيسي وآخرون، المصدر السابق، ص١١٢.

(٧٥) سميح عبدالفتاح، المصدر السابق، ص٢٧.

(٧٦) محمد محمد صالح وآخرون، المصدر السابق، ص١٦١.

(٧٧) John B.Dunlop(Author),The Rise of Russia and the Fall of the Soviet Empire,Princeton University Press,(١٩٩٥),p٦٥-٦٦.

کێشەکاندا بوون بە سودو بەرژەوەندی خۆیان، هەر زلهێزێك لە هەوڵی فراوانکردنی بازنەی لایەنگران و دەسەڵاتی خۆیدا بوو لەسەر حیسابی ئەوانی تر.[٧٨] بۆیە دەکرێت ساڵی ١٩٤٥ بە ساڵێکی یەکلاکەرەوە بژمێردرێت لە مێژووی جیهان بە گشتی و ئەوروپا بە تایبەتی، سەرکەوتوانی جەنگ کەوتنە بەستنی چەندین کۆبوونەوەو کۆنگرە بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی جیهانی دوای جەنگ، لەسەرووی هەموویانەوە کۆنگرەی (یالتا) لە شوباتی ١٩٤٥ و( پۆتسدام ) لە ئابی هەمان ساڵدا.[٧٩] لێرەوە ئەوەندی تر جیاوازی و ململانێی نێوان بەرەی ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوا دەرکەوت.

لەو پێناوەشداو بە درێژایی ماوەی جەنگی سارد[٨٠]، ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەرەی ڕۆژئاوا هەموو شێوازێکیان گرتە بەر بۆ سنوردارکردن و لە قاڵبدانی تواناکانی سۆڤیەت. لەڕووی ئابووریەوە ولآتە یەکگرتووەکان لەڕێی ڕاگەیاندنی ( بنەمای ترومان[٨١] و پرۆژەی مارشاڵ[٨٢] )ەوە هاوکاری خۆی پێشکەشی هەریەك لە تورکیاو یۆنان و ولآتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا کرد، لەبەرانبەردا گەمارۆیەکی توندی ئابووری و بازرگانی خستە سەر ولآتانی سۆسیالیستی بە گشتی و ئەوروپای ڕۆژهەلآت بە تایبەتی بە مەبەستی دروستکردنی بەربەست لەبەردەم گەشەکردن و پرۆسەی بنیاتنانەوە لەو ولآتانەدا. لەلایەکی ترەوە، دروستکردنی قەیرانی ئابووری پەشێوی کۆمەلآیەتی و دواجار ناڕەزایەتی دەربڕین و بێ هیواکردنی هاولآتیان لەو سیستەمە سیاسیە سۆسیالیستیەی، کە ولآتەکانیان پەیڕەوی لێدەکەن.[٨٣]

لەبواری سەربازیشدا، ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا توانی ئاراستەی سیاسەتەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە پرۆسەی بنیاتنانەوەو گەشەدان بە لایەنی زانستی و ئابوری بگۆڕن بۆ سیاسەتی پێشبڕکێی خۆ پڕ چەك کردن ( سباق التسلح )، کە دواتر توانا ئابوورییەکانی سۆڤیەت لەو بوارەدا بە هەدەر درا. ( ماکن مارا ١٩١٦ ـ ٢٠٠٩) ی وەزیری بەرگری ئەمریکای ساڵانی شەستەکان، لە وتارێکدا لە بەرانبەر مامۆستایانی کۆلیژی سەربازی لە واشنتۆن لە ١٤ ی ئەیلولی ١٩٦١ دا زۆر بە ڕوونی ئاماژە بە مەبەستەکانی ئەمریکا دەکات و دەڵێت:" پێویستە

---

([٧٨]) خليل حسين، المصدر السابق، ص٣٥.

([٧٩]) حسين شريف، المصدر السابق، ص ٣٣.

([٨٠]) جەنگی سارد بەو بارگرژییە ئایدۆلۆژیە، سیاسیە، ئابوریە پێناسە دەکرێت، کە لەماوەی ساڵانی (١٩٤٥-١٩٩٠ ) لەنێوان یەکێتی سۆڤیەت و ئەوروپای ڕۆژهەلآت لە لایەك و، ولآتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو ئەوروپای ڕۆژئاوا لە لایەکی ترەوە بەرپا بوو، ئەو بارگرژییە بەردەوام بەرەو زیاد بوون دەچوو ئەویش لە ڕێگەی پڕوپاگەندەو چالاکی نهێنی و هەواڵگری و سزای ئابووری، کە سەرتاپای جیهانی گرتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هنشنون، معجم الافكار والاعلام، ت: خالد راشد الجيوشي، دار الفارابي، بيروت، ٢٠٠٧،ص١٧٢.

([٨١]) پرۆژەیەکی ئابووری بوو، کە لەلایەن ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە لە ساڵی ١٩٤٧ ڕاگەیاندرا وەك هاوکاری ئابووری بە بڕی (٤٠٠) ملیۆن دۆلار بۆ هەریەك لە یۆنان و تورکیا کە دژ بەشیوعەت وەستابونەوە لە پێناو دورخستنەوەی مەترسی ئەو فکرەیە لە جیهاندا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: روجر باركنس، موسوعة الحرب الحديثة،ت: سمير عبدالرحيم الجبلى،بغداد، ج٢،دار المامون للترجمة والنشر، ١٩٩٠ ، ص٦٠٧.

([٨٢]) پرۆژەیەکی ئابووری بوو بە ئامانجی چاککردنەوەو بنیاتنانەوەی ئابووری ئەوروپا، کە جەنگی دووەمی جیهانی وێرانی کردبوو، ئەم پرۆژەیە لەلایەن وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ( مارشال) لە ١٩٤٧ پێشنیارکرا، کە (١٣) ملیار دولاری لە خۆ دەگرت تا ساڵی ١٩٥٢ بۆ هەموو ولآتانی ئەوروپا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مايكل جى هوغان، المصدر السابق، ص ١٨٤.

([٨٣]) سميح عبدالفتاح، المصدر السابق، ص٢٥.

لەسەرمان بتوانین وا لە سەرانی یەکێتی سۆڤیەت بکەین ئەولەویەتی کارەکانیان بگۆڕن، ئێستا سیستەمە شیوعیەکان لە جۆرێك لە خۆشگوزەرانی و رەفاهیەتدا ژیان بەسەر دەبەن و سیستەمێکی کۆمەلآیەتی دوور لە چەوسانەوەی چینایەتیان بنیاتناوە. ئیستا یەکێتی سۆڤیەت گرنگی بە گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری و لایەنەکانی دیکە دەدات بەر لە گرنگیدان بە لایەنی سەربازی و ئاسایشی ولآت، پێویستە پەلکێشی یەکێتی سۆڤیەت بکەین بۆ سیاسەتی خۆ پڕ چەککردن و بەو هۆیەشەوە تەواوی سامانی نیشتیمانی ئەو ولآتە بە هەدەر دەڕوات و دەبێتە هۆی پشتگوێ خستنی ژیانی خەلکی و لە دواجاردا بۆشاییەکی گەورە لە نێوان سەرانی ولآت و کۆمەلآنی خەلکدا دروست دەبێت". [٨٤]

فشارەکانی ئەمریکا وای لە یەکێتی سۆڤیەت کرد ٢٥٪ ی ئابووری ولآت بخاتە خزمەتی بواری سەربازی و سیاسەتی دەرەوەی، لە کاتێکدا ئەمریکا تەنیا ٦٪ ی بودجەی ولآتەکەی خستبووە خزمەتی ئەو بوارەوە، [٨٥] بۆ نمونە لە سالی ١٩٧٤ یەکێتی سۆڤیەت بڕی ١٠٤ ملیار دۆلاری لەبواری سەربازیدا خەرجکردوە، لە کاتێکدا ئەمریکا بڕی ٨٥ ملیار دۆلارو چین ٢٦ ملیار دۆلارو ئەلمانیا بڕی ١٣,٧ ملیار دۆلارو فرەنسا ٩,٩ و بەریتانیا ٩,٧ ملیاریان لەو بوارەدا خەرجکردوە، کە ئەوەش جیاوازییەکی زۆر نیشان دەدات لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و ولآتانی تردا. [٨٦]

بە هاتنە سەرکاری ( ڕۆنالد ڕیگن ) سالی ١٩٨٠-١٩٨٨ ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتێکی تری بەرانبەر یەکێتی سۆڤیەت پەیڕەو کرد، ئەویش بە ڕاکێشانی بۆ ناو ململانێیەکی نوێ و شەڕێکی تر بە نێوی جەنگی ئەستێرەکان ( حرب النجوم )، جارێکی تر یەکێتی سۆڤیەت هەزاران ملیار دۆلاری لەو بوارەدا خەرجکرد، گەر بێت و لە بواری چاکسازی کۆمەلآیەتی و تەندروستی و پەروەردە و فێرکردن و بوارەکانی تردا خەرجی بکردبایە، بێگومان دەیتوانی ژیانێکی باشتر بۆ هاولآتیانی دابین بکات. [٨٧] وەك دەبینین یەکێتی سۆڤیەت قوربانی بە هەموو شتێك دا لە پێناو سەرکەوتنی لە ململانێی دەرەوەدا، ئەوەش ولآتی ڕوو بە ڕووی هەلوێستێکی سەخت و ترسناك کردەوە. [٨٨]

بەهەمان شێوە ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندنی لە ( تەلەفزیون، رادیۆ، رۆژنامە، گۆڤارو کتێب )ی خستە کار بۆ دژایەتیکردن و ناشیرین کردنی سیستەمی سیاسی لە یەکێتی سۆڤیەت و ولآتانی سۆسیالیستیدا، بە درێژایی جەنگی سارد دەزگاکانی ڕاگەیاندنی رۆژئاوا، بە تایبەت ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وێنەی یەکێتی سۆڤیەتیان وەك ولآتێك دەکێشا، کە دژ بە ئازادی تاکە کەسی و مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت بێت و ڕێز لە پێکهاتە جیاوازەکانی ناوی ناگرێت و سیستەمێکی تۆتالیتاری تاکڕەوی و دیکتاتۆری لە ولآتدا پیادە دەکات. [٨٩]

---

([٨٤]) وەرگیراوە لە : سميح عبدالفتاح، المصدر السابق، ص ٢٨.

([٨٥]) محمد ئیحسان، ململانێیە نێودەولەتیەکان لە سەدەی بیستەمدا، و: ئاسۆ کەریم و کامەران ئەحمەد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل ١٧٢.

([٨٦]) بڕوانە: احمد مصاد، الحرب البارده www.magatel.com

([٨٧]) سميح عبدالقادر، المصدر السابق، ص٣٨.

([٨٨]) جورج سكولوف، روسيا بين ١٨١٥-١٩٩١، ت: انطوان حمسي،ج٢ ( القسم الاول )، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩٩، ص٤.

([٨٩]) حسين شريف، المصدر السابق، ج١، ص ٣٨-٤٤.

هەروەها، سۆڤیەتیش لە بەرانبەر ئەو هەنگاوانەی ئەمریكاو ڕۆژئاوادا بێدەنگ نەوەستا، بەڵكو چەندین ڕێگەو شێوازی گرتە بەر بۆ ڕوو بە ڕوو بونەوەی مەترسیەكان لەسەری، لەوانە ( ڕاگەیاندنی دامەزراندنی كۆمنفۆرم لە وارشۆ ١٩٤٧، پەیمانی وارشۆ "١٩٥٥ ـ ١٩٩١ ")و هاندان و یارمەتی دانی بزوتنەوە شۆڕشگێرەكان لەسەرتاپای جیهان دژ بە وڵاتە سەرمایەدارەكان، كە ڕۆڵێكی گەورەیان هەبوو لە گەیشتنە دەسەڵات و هاتنە سەركاری شیوعیەكان لەو وڵاتانەدا.[٩٠]

لەو ماوەیەدا، ئەو دوو زلهێزەی جیهان وەكو دوو دوژمنی سەرەكی مامەڵەیان لەگەڵ یەكتری دەكردو وێنەی یەكتریان دەكێشا، لە دیدی ئەمریكیەكانەوە، یەكێتی سۆڤیەت نوماینەدەی دەوڵەتێكی تۆتالیتاری ( شمولی ) تاكڕەوی دیكتاتۆری دەكرد، كە ڕێز لە مافەكانی مرۆڤ ناگرێت و بە بیانووی بەرژەوەندی گشتی، ئازادییە تاكە كەسیەكانی پێشێل دەكات، لە بەرانبەریشدا، سۆڤیەتیەكان وایان دەڕوانییە ئەمریكا، كە هێمایە بۆ چەوساندنەوەی نەتەوەكان و بە تاڵانبردنی سەروەت و سامانی گەلان و سیستەمی سەرمایەداری، بەر پرسی یەكەم و سەرەكی نەهامەتیەكانی جیهانەو بە بێ كۆتایهاتنی ئەو سیستەمە، مەحاڵە مرۆڤایەتی بە ئازادی و یەكسانی بژی و نەتەوە چەوساوەكان بە ماف و چارەنووسی خۆیان بگەن، ئەو ململانێیە درێژەی كێشا تا سەرەتای نەوەدەكان و ، بە كۆتا هاتن و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یەكێتی سۆڤیەت، كۆتایی بە جەنگی ململانێی نێوان ئەو دوو جەمسەرە هات و سیستەمی نوێی جیهانی و تاك جەمسەری بە ڕابەڕایەتی وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا ڕاگەیاندرا.

### ٣/ داگیركردنی ئەفغانستان لەلایەن یەكێتی سۆڤیەتەوە

هەڵەیەكی دیكەی یەكێتی سۆڤیەت و هۆكارێكی تری شكستهێنانی، پەلاماردان و داگیركردنی ئافغانستان بوو لە ساڵی ١٩٧٩ دا، بە بیانووی پاراستنی رژێمی كۆمۆنیستی ئەفغانستان و گەیشتن بە ئاوەكانی ئۆقیانووسی هیندی، وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاش زۆر بە باشی ئەو هەلەیان قۆستەوەو دەرفەتیان لەدەست نەداو كەوتنە هاوكاریكردنی ئابووری و سەربازی بەرهەڵستكارانەی حكومەتی ئەفغانستان. ئەوەبوو ئیسلامییەكانی ئەو وڵاتە توانیان لە ماوەی دە ساڵدا گەورەترین زیانی گیانی و ماڵی بەهێزەكانی یەكێتی سۆڤیەت بگەیەنن و ناچاریان بكەن هێزەكانیان لەو وڵاتە بكێشنەوە، بەمەش ئەمەریكییەكان بە زیادەوە تۆڵەی شەڕی ڤێتنامیان لە سۆڤیەتییەكان كردەوەو ئەو تێكشانەی یەكێتی سۆڤیەت تێكشكانێكی ئاسایی نەبوو، بەڵكو فاكتەرێكی گرنگ بوو ڕووەو ڕووخان و لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی یەكێتی سۆڤیەت.[٩١]

### ٤/ تێكچوونی پەیوەندی نێوان یەكێتی سۆڤیەت و چین

یەكێتی سۆڤیەت ڕۆڵێكی گرنگی گێڕا لە سەركەوتنی شیوعیەكان بە رابەرایەتی ( ماوتسی تۆنگ ١٨٩٣ ـ ١٩٧٦) بەسەر هێزەكانی ( تشانگ كای تشیك ١٨٨٧ ـ ١٩٧٥ )، كە لەلایەن وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكاوە هاوكاری

---

(٩٠) بروانة: حسين شريف، المصدر السابق، ص ٥١ ؛ عمر عبدالعزيز و محمد علي القوزي، المصدر السابق، ص ٤٦٥-٤٦٦.

(٩١) ميخائيل غورباتشوف، المصدر السابق، ص ٢٠٢ ؛ لوقمان خەیاڵی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥.

دەكرا،[٩٢] هەڵبەت ئامانجی یەکێتی سۆڤیەت لە یارمەتیدانی چین، دروستکردنی بەربەستێك بوو لە بەردەم بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو یابان لە ناوچەکەدا، چینیش ئەو هاوکاری و نزیکبونەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت پێخۆش بوو، بە پێویستیشی دەزانی لەبەر مەترسی ئەمریکاو یابان لەسەر وڵاتەکەی، ئەو دوو وڵاتە بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە بەرانبەر مەترسی دوژمنە هاوبەشەکەیان لە ١١ی نیسانی ١٩٥٠ دا پەیماننامەیەکیان مۆرکرد. پەیوەندی و دۆستایەتی ئەو دوو وڵاتە درێژەی کێشا تا ساڵی ١٩٥٦، بەڵام ئەو دۆستایەتییە بەردەوام نەبوو، ئەویش بەهۆی جیاوازی بیروبۆچوونی هەردوو لا لەسەر ( بیری مارکسیزم )و هەروەها بوونی کێشەی سنور لە نێوانیاندا، هۆکاری یەکەمی جیاوازی نێوانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وتارەی، کە خرۆشۆف لە کۆنگرەی بیستەمی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی لە ساڵی ١٩٥٦ دا پێشکەشی کرد، کە دواتر دەنگدانەوەیەکی گەورەی لێکەوتەوە. خرۆشۆف لەو وتارەیدا هەڵوێستەی لەسەر سێ مەسەلەی گرنگ کردبوو:

**یەکەم:** رەتکردنەوەی رۆڵی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ڕووەو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی، لەڕێگەی رەتکردنەوەی ڕۆڵی ستالین، سوکایەتی پێکردنی لەژێر پەردەی ڕوو بە ڕوو بوونەوەی پەرستنی تاك ( عبادە الفرد ).

**دووەم:** دەکرێت و دەگونجێت کۆمەڵگەی سەرمایەداری بە ڕێگەیەکی ئاشتیخوازی و لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی، پێچەوانەی ئەوەی، کە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ دا ڕوویدا، کە لە ڕێگەی توندوو تیژییەوە ئەو گواستنەوەیە ئەنجام درا.

**سێیەم:** بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانە، مەبەست لەمە بە ئاشتیکردنی ململانێکانی یەکێتی سۆڤیەتە لەگەڵ بەرەی سەرمایەداری لە جێگەی ململانێی سەربازی و چەکی ئەتۆمی.[٩٣]

ئەو وتارەی خرۆشۆف بەرەی سۆسیالیزمی کردە دوو بەشەوە، جیاوازی قوڵیشی خستە نێوان ئەو دوو وڵاتەوە، بە تایبەت دوای بڵاوکردنەوەی وتارێك لە لایەن چینەوە بە نێوی ( سڵاو لە لینینیزم )، کە تێدا بە زمانێکی زۆر توند گفتوگۆ لەبارەی ئەو وتارەی خرۆشۆفەوە کرابوو، کە تێدا سۆڤیەتی بەلادان لە بیرو باوەڕی ( مارکسی لینینی ) تۆمەتبار کردبوو.[٩٤]

ئەو بارودۆخە سەریکێشاو پاڵی بە یەکێتی سۆڤیەتەوە نا لە ساڵی ١٩٥٩ دا ڕێکەوتننامەی ئەتۆمی نێوانیان هەڵبوەشێنێتەوە. لە ساڵی ١٩٦٠ دا ناکۆکی و ململانێی ئەم دوو وڵاتە چووە نێو دەزگاکانی ڕاگەیاندنەکانەوە، لە هەڵوێستێکی تری نێگەتیفی یەکێتی سۆڤیەت بەرانبەر بەچین، کێشانەوەی سەرجەم زانایان و پسپۆڕانی سۆڤیەت بوو لە وڵاتی چین، کە لە بوارە جیا جیاکاندا کاریان دەکرد.[٩٥]

لە بارەی هۆکاری دووەمی تێکچونی پەیوەندی نێوانیان، ئەوا ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٦١-١٩٦٢ لە نێوان هەرێمی ( سین کیانگ )ی ڕۆژهەڵاتی و یەکێتی سۆڤیەت، کاتێك نزیکەی ٥٠ هەزار کەس لە هەڵگری ڕەگەزنامەی چینی ویستیان بچنە نێو یەکێتی سۆڤیەتەوە، بەڵام حکومەتی چین سنورەکانی بە ڕوودا داخستن و کەوتە سەرکوتکردنیان، هەروەها چینیش لە ساڵی ١٩٦٣ داوای هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتننامەکانی (بکین ٢٤

(٩٢) عمر عبدالعزيز عمر و محمد على القوزي، المصدر السابق، ص ٤٦٥.

(٩٣) عبدالعظيم رمضان، تاريخ اوروبا والعالم الحديث، ج٣، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٧، ص ٣٤٦-٣٤٧.

(٩٤) عمر عبدالعزيز عمر و محمد على القوزي، المصدر السابق، ص٤٦٥.

(٩٥) عبدالعظيم رمضان، المصدر السابق، ص ٣٤٧-٣٤٨.

ئۆكتۆبەری ١٨٦٠)ی دەكرد، كە لەسەردەمی ڕوسیای قەیسەری لەسەدەی نۆزدەوە بەسەر چیندا سەپێنرا بوو، جگە لەوە لە ساڵی ١٩٦٤ دا چین نەخشەیەكی بلآوكردەوە تایبەت بەو ناوچانەی، كە داگیركەرەكان داگیریان كردبوو، لەناو ئەو نەخشەیەدا زەوی ڕۆژهەلآتی دووری سۆڤیەتی لە باكوری رۆژهەلآتی چین، كە دەستی بەسەردا گیرابوو، هەروەها بەشێكی زۆری كۆمارەكانی سۆڤیەتی وەك كازاخستان و تاجاكستانی لە خۆ گرتبوو، كە یەكێتی سۆڤیەت بە هیچ شێوەیەك ئامادەی دەستبەردار بوونی نەبوو لەو ناوچانە.(٩٦)

شۆڕشی رۆشنبیری ماوتسی تۆنگیش لە ١٩٦٦ نێوانی ئەو دوو وڵاتەی ئاسایی نەكردەوە، بەڵكو سەرانی چین ڕایانگەیاند، كە (١,٥٠٠,٠٠٠) كیلۆمەتری چوار گۆشە لە خاكی چین لە سەدەی نۆزدەوە لە لایەن ڕوسەكانەوە داگیر كراوە، جگە لەوە، لە نێوان سالآنی ١٩٣٠-١٩٦٨ زیاد لە ٥٠٠٠ هەزار ڕووداو لەسەر سنوری نێوانیان ڕوویداوە.(٩٧) دواجار لە شەڕی نێوان پاكستان وهیندستان، یەكێتی سۆڤیەت لایەنگیری هیندستانی كرد، بەلآم چین كەوتە لایەنگری پاكستان، ئەو بارودۆخە بە سودو بەرژەوەندی ئەمریكا شكایەوەو بوو بەهۆی نزیكبونەوەی ئەمریكا لە چین و دواجاریش بووبەهۆكارێك بۆ لاواز بوون و هەنگاونان بەرەو هەڵوەشانەوەی یەكێتی سۆڤیەت.(٩٨)

(٩٦) مفيد الزيدى، موسوعة تاريخ اوروبا الحديث والمعاصر، ط٣، ج٣-٤، دار الاسامة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٩، ص ١١٣٩-١١٤٠.

(٩٧)مفيد الزيدى ،المصدر السابق، ص ١١٤٠.

(٩٨) عمر عبدالعزيز عمر و محمد على القوزي، المصدر السابق، ص ٤٦٦.

## دەرئەنجام

له ئەنجامی ئەو زانیاریانەی، که لەم توێژینەوەیەدا خرانه ڕوو، به چەند دەرەنجامێك گەیشتین، که دەکرێت بەم شێوەیە ئاماژەی پێبکەین:

★ گەرچی هۆکاره دەرەکییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا له ڕووخاندنی یەکێتی سۆڤیەتدا، بەڵام نابێت ئەو ڕاستیەش فەرامۆش بکەین، که به سیاسیکردنی ئابووری و سەرجەم لایەنەکانی دیکەی ژیان، دەرەنجامێکی نێگەتیفی لێکەوتەوەو ئەو سیاسەتە ئابوورییەی لەو وڵاتەدا پیادە کرا، هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت.

★ قەیرانی ئابووری و سیستەمی ئیداری یەکێتی سۆڤیەت، کاریگەری گەورەی لەسەر سیستەمی پەروەردەو تەندروستی و ژینگەو پرۆسەی خزمەتگوزارییە گشتیەکان دانا، بەهەمان شێوە بووە هۆی بڵاوبونەوەی گەندەڵی ئیداری و فەسادی ئەخلاقی و زیادبوونی تاوان، که سەرەنجامەکەی ڕووخان و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیەکەی لێکەوتەوە.

★ جیاوازییە ئایدیۆلۆژیی و سیاسی و ئابوورییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا له قوڵکردنەوەی ململانێ و ناکۆکی نێوان بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئەو دوو بەرەیە خاوەنی دوو ئایدیۆلۆژی و ئابووری و سیاسی لێکجیاواز بوون، که له چوار چێوەی سۆسیالیزم و لیبرالیزمدا دەرکەوتن.

★ هەڵوەشاندنەوەی بەرەی ڕۆژهەڵات بەسەرکردایەتی یەکێتی سۆڤیەت، به یەکێك له ڕووداوه هەره گرنگەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم له جیهاندا ئەژمار دەکرێت، که بوو بەهۆی کۆتایهێنان بەو ململانێیەی، که له ساڵی ١٩٤٥ وه له چوارچێوەی جەنگی سارداو لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەرەی ڕۆژئاوا بەردەوامی هەبوو، ڕووداوی هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت، ڕووداوێکی ئاسایی نەبوو، له مێژوودا کەم بینراوه زلهێزێکی گەوره به بێ شەڕو ململانێی خوێناوی کۆتایی هاتبێت، وەك ئەوەی له یەکێتی سۆڤیەتدا ڕوویدا.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم / کتێبەکان

#### أ: بەزمانی کوردی


★ عەبدولقادر ساڵح، فەرهەنگی سیاسی سەبا، چ٢، کۆمپانیای چاپ و پەخشی نووسەر، سلێمانی، ٢٠٠٧.

★کەمال مەعروف،کێشە نەتەوەییەکان و ڕوداوە سیاسیەکانی جیهان و کوردستان،چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٥.

★ لوقمان خەیاڵی، پوختەیەك لە مێژووی گەورە زلهێزی جیهان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٥.

★ لیۆن ترۆتسکی، مێژووی شۆڕشی ڕوسیا، و: عەزیز ئالانی، مەکتەبی بیرو هۆشیاری ( ی.ن.ك )، سلێمانی، ٢٠٠٧.

★ محمد ئیحسان، ململانێیە نێودەوڵەتیەکان لە سەدەی بیستەمدا، و: ئاسۆ کەریم و کامەران ئەحمەد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.

★ مایکل ماندلبۆم، ئەو ئایدیایانەی دەستیان بەسەر جیهاندا گرت، و: گۆران صەباح غەفور، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.

★ محەمەدی مشیر، پۆپەری کلۆل و کلۆلی لیبرالیزم، لێکۆڵینەوەیەکی بلاْونەکراوەیە، هەولێر، ٢٠٠٩.


#### ب: بە زمانی عەرەبی


★ ابراهيم خليل احمد وعونى عبدالرحمن سبعاوى، تاريخ العالم الثالث الحديث، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة الموصل، ١٩٨٩.

★ الان بالمر،تاريخ الحديث،ت: سوسن فيصل السامر ويوسف محمد امين،ج١،دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد، ١٩٩٢.

★ ئاظل تريتياكوف، مساعدة الاتحاد السوفيتى للاقطار المتخلفة اقتصاديا، مطبعة رابطة، بغداد، ١٩٦٠.

★ جوبين رازانى، المختارات منصور حكمت، من منشورات الحزب الشيوعي العمالي العراقي، دون تاريخ.

★ جمال ربيع، ماركسية العرب وانهيار السوفيت، من مطبوعات دار المشرق، مغرب، ١٩٩٣.

★جورج سكولوف، روسيا بين ١٨١٥-١٩٩١،ت:انطوان حمسي،ج٢ (القسم الاول)،منشورات وزارة الثقافة،دمشق، ١٩٩٩

★ ج.م.روبرتس، موجز تاريخ العالم، ج٢، ت: فارس قطان، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ٢٠٠٤.

★ حسن شكرى، عاصفة الجليد ( امريكا ونهاية الاتحاد السوفيتي)، مكتبة مدبولى للطباعة والنشر، القاهرة،١٩٩٢.

★حسين شريف، ينابيع المعرفة في سياسة الدولية المعاصر، ج٢، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ٢٠٠٣.

★ خليل حسين، قضايا دولية معاصر، دار المنهل اللبناني، بيروت، ٢٠٠٧.

★روجر باركنس، موسوعة الحرب الحديثة،ت: سمير عبدالرحيم الجبلى،بغداد، ج٢،دار المامون للترجمة والنشر، ١٩٩٠

★ سميح عبدالفتاح، انهيار الامبراطورية السوفياتية، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٦.

★ عبدالعزيز سليَمان نوار و عبدالمجيد نعنعى، التاريخ المعاصر اوروبا من الثورة الفرنسية إلى الحرب العالمية الثانية، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، د.ت.

★ عبدالقادر يوسف الجبورى، تاريخ الاقتصادي، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة الموصل، ١٩٨٠.

★ عبدالوهاب القيسي وآخرون، تاريخ العالم الثالث،من مطبوعات وزارة التعليم العالي من البحث العلمى، جامعة الموصل، ١٩٨٣.

★ عبدالعظيم رمضان، تاريخ اوروبا والعالم الحديث، ج٣، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٧.

★ عمر عبدالعزيز عمر ومحمد علي القوزي، دراسات فى تاريخ اوروبا الحديث والمعاصر، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٩٩.

★ على محمد يوسف، العولمة بضوء نهاية التاريخ وعصر الايدولوجيات، من مطبوعات دار النهج، حلب، ٢٠٠٧.

★ عبدالفتاح حسن ابو علية، تاريخ اوروبا الحديث والمعاصر، دار المريخ للنشر، سعودية، ٢٠٠٧.

★ محمد محمد صالح وآخرون، الدول الكبرى بين الحربين العالميتين ( ١٩١٤-١٩٤٥ )، مطبوعات وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة بغداد، د.ت.

★ ميخائل غورباتشوف، البيريسترويكا ( اعادة البناء والفكر الاشتراكي )، ت : عباس خلف، شركة المعرفة للنشر والتوزيع، بغداد، ١٩٩٠.

★ مايكل جي هوغان، نهاية الحرب الباردة، ت: محمد اسامة القتيلي، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩٨.

★ مجموعة من الباحثين، موسوعة السياسة، ج٥، ط٣، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٦.

★ المنجد في اللغة والاعلام، الطبعة السابعة وثلاثون، من منشورات دار المشرق، بيروت، ١٩٩٨.

★ مفيد الزيدى، موسوعة تاريخ اوروبا الحديث والمعاصر، ط٣، ج٣-٤، دار الاسامة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٩.

★هينرى ل.روبرتس، روسياو أمريكا، ترجمة: شكرى علاوي، المؤسسة الاهلية للطباعة والنشر، بيروت، د.م.

★هربارت ماركوز، الانسان ذو البعد الواحد، ترجمة: جورج طرابيشي، ط٣، دار الاداب، بيروت، ١٩٨٨.

★ هنشنون، معجم الافكار والاعلام، ت: خالد راشد الجيوشي، دار الفارابي، بيروت، ٢٠٠٧.

ج: بەزمانی ئینگلیزی

* John B.Dunlop (Author), the Rise of Russia and the fall of the Soviet Empire, Princeton University Press, (١٩٩٥).

* Morton Schwartz (Author), The Foreign policy of the USSR, Dickenson publishing Company, Inc,(١٩٧٥).

* Robert Miller (Author), Soviet Foreign policy Today: Gorbachev and the new political Thinking, Routledge, ١st edition, (١٩٩١).

* R.W.Davies (Author), Soviet Economic Development from Lenin to Khrushchev, Cambridge University press, ١٩٩٨.

دووەم / گۆڤارەکان

★ محمد حسنين هيكل، گرنگترین هۆکاری رووخانی پڕ شەرمەزاری سۆڤیەت، و: ئەرسەلان بایز، ڕێبازی نوێ(گۆڤار)، ژمارە(١٨)، سلێمانی، ٢٠٠٠.

سێیەم/ سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان

★ احمد مصاد، الحرب البارده www.magatel.com

★ تدهور قوه الاتحاد السوفيتى وأسباب الانهيار- www.mogatel . com

# التأثيرات الداخلية والخارجية من انهيار الاتحاد السوفيتي

## (دراسة تاريخية سياسية)

ان الدراسة حول تأثيرات العوامل الداخلية والخارجية على انهيار الاتحاد السوفيتي أمر بالغ الأهمية، بإعتبار كانت هذه القوة من اكبر الدول العالم في خلال القرن العشرين وبالخصوص بعد الحرب العالمية الثانية ودوره في إطار صراع عالمي فى اطار الحرب الباردة، لذا يختص هذه الدراسة بهذا الموضوع المهم في التأريخ المعاصر. وينقسم هذه الدراسة إلى اربعة مباحث: في المبحث الأول أشرنا بنبذة مختصرة عن الثورة اكتوبر عام ١٩١٧ وإنشاء الاتحاد السوفيتي، وتناول المبحث الثانى العامل الاقتصادى كإحدى اسباب الرئيسية والمهمة في انهيار الاتحاد السوفيتي. ويكرس المبحث الثالث، لتأثيرات النظام السياسي والادارى في إنهيار الاتحاد السوفياتي. والمبحث الرابع والأخير، يسلط الضوء على التأثيرات العوامل الخارجية على تفكك الكتلة الشرقية بقيادة الاتحاد السوفياتى.واستخدمنا في هذه الدراسة، العديد من المصادر المختلفة بلغات العربية والكوردية لتحقيق الاهداف المحددة

## Abstract

## Internal and external factors of Soviet Union collapse

Conducting research about internal and external factors of Soviet Union collapse is crucial. During the ٢٠th century, this superpower was one of the key players on the political arena and international conflicts. Thus, this research will discuss the influences of this superpower based on narrative approach and historical events analysis. The paper is divided into four sections. In the first section, a brief is presented about October ١٩١٧ revolution and the establishment of Soviet Union. In the second section the internal economic influences of Soviet Union collapse are discussed. The third section is dedicated for political and administrative system influences of Soviet Union and their negative influences on Soviet Union collapse. The last section sheds the light on external factors on socialist bloc disintegration and the Soviet Union collapse. Numerous resources in different languages have been used to bring this research into the current conclusion.